**ئێستا خاڵی دوو/ وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بەم بۆنەیەوە.**
**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**
**ئەم کاتەتان باش.....**
**پێشەکی مانگی موبارەکی رەمەزان کە لەم حەفتەیە بەڕێی دەکەین، لە ئێوەو تەواوی خەڵکی موسڵمانی کوردستان و موسڵمانی جیهان دووبارە پیرۆز بێت. هەروا جەژنیشتان پیرۆز بێت و، ئاواتەخوازین هەموو ساڵێ ئاوا بە تەبایی و برایەتی و ئاشتی لە هەرێمی کوردستان و تەواوی عێراق ئەو جەژنە بکەینەوە.**
**بەرێزان، ئەگەر (18) ساڵی رابردووی تەمەنی تەجروبەی خۆبەڕێوەبردن ورد بکەینەوە، بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە تا رادەیەك سیستەمێکی پەرلەمانی دیموکراتی لە کوردستاندا جێگیر بووەو، توانیومانە لە گرفت و کێشە ناوخۆییە دژوارو سەختەکانی رۆژانی ناکۆکی ناوخۆ دەربازببین، هەرێمێك تا رادەیەك پڕ لە ئەمن و ئەمانەت، روو لە ئاوەدانی و گەشەو بووژانەوە بۆ خەڵکی خۆمان دروست بکەین، کە بێگومان زۆر شت و ئامانجی تریش ماون، کە دەبێت هەوڵیان بۆ بدەین و بیانهێنینەدی هەموومان پێکەوە، ئەویش بەیەك ریزی خۆمان لەناو هەرێمی کوردستان بهێنینە دی.**
**هەروا بەبەشداری کوردو پێکهاتەکانی ترو بەهاوکاری دۆستان، توانرا سیستەمی حوکمڕانی لە عێراقدا لە دوای 2003-ەوە لە مەرکەزییەتێکی توندەوە بکەینە سیستەمێکی پەرلەمانی فیدراڵی، کە لە 2005-ەوە لە دەستووری عێراقدا جێگیر بووەو، لەگەڵ هەموو کەموکورتییەکانی جۆرێ لە شەراکەت و تەوافووقی نیشتمانیی لەنێوان هەر سێ لایەنە سەرەکییەکەی عێراقدا: کورد، شیعەو سوننەدا، بۆ بەڕێوەبردنی عێراق پێرەو بکرێ و، ئەم هەرێمەی ئێمە وەکو هەرێمێکی فیدراڵی دانی پێدا بنرێ، لە 3/7دا پرۆسەی هەڵبژاردن لە عێراقدا کراوەو، شەش مانگی تەواوە، ئەمڕۆ شەش مانگی تەواوە حکومەت پێکنەهێنراوەو، کیتلە براوەکانی هەڵبژاردن نەگەیشتوونەتە رێککەوتن. بێگومان ئەم دواکەوتنە کاریگەریی چەوت و نێگەتیڤی بۆ سەر پرۆسەی سیاسی، بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیریی عێراق و، بۆ سەر خزمەتگوزاریی گشتی هەیە. لەبەر ئەوە هەرچی زووتر حکومەتێکی تەوافوقی نیشتمانیی بەبەشداریی هەموو پێکهاتە سەرەکییەکان پێکبهێندرێ، ئێمە پشتیوانی لێدەکەین و هەرگیز ئێمە کۆسپ و تەگەرەش نەبووین لە پێکهێنانی ئەو حکومەتەدا. هەرچەند ئێمە لەو هەڵبژاردنە، وەکو کورد خۆمان بە غەدرلێکراو دەزانین، بەڵام لەبەر ناسکیی هەلومەرجی**

عێـراق، كـە لـە شـەڕێكی دژوار دایـە دژ بـەتیرۆر، لەبـەر نـەبوونی تـەناهی و سـەقامگیریی لـە عێراقدا، ئەنجامەكانی هەڵبژاردنی 3/7مان پەسند كـرد. راسـتە هـەم لـە قانونەكـەو، هـەم لـە ژمارەی خەمڵێنراوی دانیشتوانی عێراق و، هەم لـە دابەشـكردنی ژمـارەی كورسـییەكان بەسـەر پارێزگاكانــداو، هــەم لــە بــەڕێوەبردنی پرۆســەی هەڵبــژاردن، غــەدر لــە كــورد كــرا، بــەڵام ئەنجامـەكانمان قبـوڵكردو، ئـەو پاسـاوەمان نەدایـە دەسـت هـیچ لایـەنێك، كـە رێـك نەكـەوتنی لایەنە عێراقییەكان خۆیان لەسەری كوردا بشكێنن.. هـەر بـۆ نموونـە لـەنێوان دوو وەزارەتـی پلاندانان و بازرگانی، دوو ملیۆن و نیو جیاوازی هـەبوو لـە ژمـارەی دانیشـتوانی عێراقـدا، یـان وەك رێژەی زیاد بوونی دانیشتوان لە شاری مووسڵ، سەرەڕای ناجێگیری و شەڕ و تـەهجیر لـەو پارێزگایە كەچی 66.5٪ زیاد بووە، بەڵام لە چوار ساڵی 2005 تـا 2010 لـە پارێزگایـەكی جێگیریی وەك سلێمانی 0٪ و (- 200000 )كەس كەم بوو! ئەوە سـەرەڕای تۆقانـدن و فێـڵ و تەزویر لە هەندێ لە ناوچەكاندا، وەك مووسڵ و حەویجـە، كـە سـندوقی دەنگدانی وا هـەبووە 730 كارتی تێدابووە، كە دەبوایـە لـە 400 زیـاتر نـەبێت، ئـەم كـەم و كورتیانـەمان هـەمووی دەزانی، بەڵام پەسەند كردنی ئەنجامەكەی ئەوە بوو، كە بتـوانین لـەم چوارسـاڵەی داهـاتوو بـە تەوافوق ئەو كێشانەی هەیە چارەسەر بكرێن، ئەو كەم و كورتیانـەش هەیـە راسـت بكرێتـەوە، بەرنامەی ئێمە بۆ دانوستاندن و پێكهێنانی حكومەت، كە گشت لایەنە سیاسیە براوەكـانی نـاو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە هەرێمی كوردستان تێدا لە ئامادە كردنی بەرنامەكـە بەشـدار بوون، بەرنامەیـەكی تـەواو و رێكـوپێكی ئامـادە كـراوە، بـە بەشـداری نوێنـەرانی گشـت لایەنـە سیاسـییە براوەكـان پـاش 52 كاتـژمێر دانیشـتن لـە پەرلـەمانی كوردسـتان و بـە سەرپەرشـتی سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان. راسـتە ئـەو بەرنامەیـە هـی گـەلی كوردسـتانە، بـەڵام پێمانوایـە مـاف و بەرژەوەنـدیی هـەموو پێكهاتـەكانی عێراقـی رەچـاو كـردووە، ئەگـەر لایەنـەكانی تـری عێراق پەسندی بكەن، ئەوا ئاسایش و تەناهی و خێرو خۆشی بـۆ هـەمووان بـەدواوە دەبێـت و زوڵم و ناعەدالەتی لا دەبات.

پۆستی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی عێـراق بـەر هـەر كەسـێك بكـەوێت، كـە زۆر دیـار نییـە هێشتا بۆ كێ دەبێـت؟ ئێمـە پیرۆزبـایی لێ دەكـەین. چـونكە بـەلای ئێمـەوە گـرنگ ئەوەیـە كـە حكومەتەكە، حكومەتی شەراكەتی نیشتمانی و تـەوافوقی پێكهاتـە سـەرەكییەكان بێـت و هـیچ لایـەنێك پـەراوێز نـەخرێ لەتـەك ئـەوەدا، دەبێـت بەرنامـەی حكومـەتی ئیتیحـادیی وەڵامـی داخوازییـەكانی گـەلی عێراقـی بێـت بـە جێبـەجێكردنی دەسـتووری عێراقـی بـە دروسـتی و

لەهـــەمان كاتـــدا وەڵامـــی داخوازییـــەكانی هـــەرێمی كوردســـتان بداتـــەوە، ســـەبارەت بـــە چارەسەركردنی كێشەو گرفتەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و بەغدا لەگەڵ ئەوەش سـەرۆكی كۆمـار، ئێمـە لـە هـەرێمی كوردسـتان و لەبەرنامەكەمانـدا ئاماژەمـان پێكـردووە، ئـەبێت ئـەو پۆستە بۆ كورد بێت و، رێزدار سەرۆك تاڵەبانیش بۆ ئەو پۆستە دەست نیشان كراوە. بۆ ئێمـە خاڵی هەرە گرنگی بەرنامـەی حكومـەت ئەوەیـە كـە جـەخت بكاتـەوە لەسـەر جێبـەجێكردنی دەستوورو، لەسەرووی هەمووشیانەوە كێشەی كەركووك و ناوچـە جێناكۆكـەكانی تـر، كـە هـەر دەسـتوور خـۆی بـەپێی مـاددەی 140 نەخشـە رێگـەی جێبەجێكردنەكـەی دیـاریكردووە، كـە بـریتین لـە ئاسـایی كردنـەوەو سـەرژمێری و دواتـر راپرسـی. لـە تـەك ئـەو كێشـەیە، كۆمـەڵێ كێشـەی ترمـان هـەن، كـە دەبـێ لەگـەڵ حكومـەتی داهـاتووی عێـراق چارەسـەریان بكـەین و، پێویستە لە بەرنامەكەیان رەنگ بداتـەوە، وەك قـانونی نـەوت و گـاز، كێشـەی پێشمەرگە وەك بەشێك لە سیستەمی دیفاعی عێـراق، كێشـەی بودجـەو بەشـە بودجـەی هـەرێمی كوردسـتان و سەرژمێریی گشتی، دامەزراندنی ئەنجومەنی فیـدراڵی وەك گەرەنتییـەك بـۆ پاراسـتنی مـاف و بەرژەوەندیی هەرێمەكان بە هەرێمی كوردستانیشەوە.

دیارە ماوەیەكە وەفدی ئێمە لەگەڵ لایەنەكانی تـردا، سـەبارەت ئـەو پرسـانەو شـتی تـریش لـە دانوستاندن دان لە بەغدا زۆر بەجددی و پابەند بەو بەرنامەیە دانراوە كار دەكەن. پاش هـەر رێككـەوتنێكی كۆتـایی لـەوێ سـەبارەت بـە پێكهێنـانی حكومـەت و بەرنامەكـەی، دوا جـار دەیهێننەوە بەردەم ئەم پەرلەمانەو، ئێـوەی بـەرێز بڕیـاری لـێ دەدەن. بـەو پێیـەی پەرلـەمان مەرجەعی بڕیاردانە لەسەر پرس و كێشە چارەنووسسازەكان...

بەرێزان، دیارە لە 31ی مانگی ئابدا، ئەمریكا هێزە شەڕكەرەكانی خۆی بەڕەزامەندیی عێـراق و بـەگوێرەی رێككەوتننامـەی سـۆفا كێشایەوەو ئیـدارەی سـەرۆك ئۆبامـا بـەڵێنی خـۆی بـردە سەرو ئێستا دەوروبەری 50000 سەرباز بۆ راهێنان و كاری لۆجیستی لـە عێـراق ماونەتـەوە، بەم بۆنەیەوە ئێمە پیرۆزبایی لە خەڵكی عێراق دەكەین، كە خەریكە وەكو دەوڵەت بە تـەواوی سەروەریی خۆی وەرگرێتەوە. لە هەمان كاتـدا نـاكرێ سوپاسـی ئـەمریكا و هێـزی هاوپـەیمانان نەكـەین، كـە ئـەوان خـەڵكی عێراقیـان لـە رژێمێكـی دیكتـاتۆری وەك رژێمـی سـەددام حسـین رزگـاركردو، پـاش زەحمـەتی و قوربانییـەكی زۆریـش چارەنووسـی عێراقیـان دایـەوە دەسـت عێراقییەكان خۆیانەوە. بۆیە ئەم رۆژە بە رۆژێكی پیرۆز لە مێژووی عێراقدا دەمێنێتەوە، كە عێراق ئازاد بوو، دەبێتە عێراقێكی ئازاد.

بڕیاره ئەمساڵ سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا بکرێ. لەڕاستیدا ئەوە هەنگاوێکی بەجێ و گەورەیە لێ گرفت لە فۆرمی سەرژمێرییەکەدا هەیە، بەتایبەتی لە رووی نەتەوەییەوە لە فۆرمەکەدا سەیرکەن عەرەب وەکو نەتەوە بە عەرەب و شیعە چاوی لێکراوە، شیعە و سوننە لەلای عەرەب لادراوە، بەلاَم لەو فۆرمەی کە ئامادەکراوە سەبارەت بە کورد وەك نەتەوە هەوڵی دابڕ دابڕ کردن و کەمکردنەوەی دراوەو نووسراوە: کورد، ئێزدی، شەبەك، کوردی فەیلی، یەعنی هەر یەکێك لەوانە قەومیەتێك بوون، بۆیە بۆ چاککردنی ئەو کێشە گەورەیە لەسەر ئەمری سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەفدێکی باڵای هەرێم چوونە بەغدا و لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆیان کردو، کێشەکە تا نیوەی چارەسەر کراوە، بەشێوەیەك کە ئەو تایەفەو کۆمەڵانەی ناومان هێنان لە کورد دانەبڕێندرێن و غەدرێکی تر لە کورد نەکرێ، ئەمە هەدەفی وەفدەکە بوو کە چوون لەگەڵیان لەو دانیشتنە بەشدار بوون و تێیدا سەرکەوتوو بوون، بۆ ئەم مەبەستە وتووێژ لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی دەستی پێکرد و تێیدا سەرکەوتوو بوون.

ئەوەی هێشتا ماوە خاڵێکی ترە، کە پێوەندیی بە سەرژمێرییەوە هەبێ لە هەندێ ناوچەدا، بۆ نموونە لە ناوچە ی جێناکۆکەکانی پارێزگای مووسڵ هەوڵ دەدرێ مامۆستایانی کورد بەشداری نەکەن لە پرۆسەی سەرژمێری و چاودێریی پرۆسەکە. ئەوەش خۆی لە خۆیدا نیازێکی خراپی هەندێ کەسایەتی و لایەنی شوڤێنی عەرەبی دەردەبڕێ، کە هەر لە ئێستاوە خەریکن پێکهاتەی دیموگرافیی ئەو شوێنانە بەڕاست و دروستی دەرنەکەوێت، بۆ چوونی ئەو لایەنە شۆڤێنیانە ئەوەیە کە ئەڵێن ئەو مامۆستایانەی کە ئێستا لە سنجارو مووسڵ و بەعشیقەن راتبەکانیان لە هەرێمی کوردستانەوە ئەدرێت، نابێت دەوری خۆیان هەبێت لەسەر سندوقەکان، بۆیە ئێستا گفتوگۆ لەسەر ئەوەیەو، دڵنیاین ئەوەش چارەسەر ئەکرێت سەرکەوتن بە دەست دێنین.

بەڕێزان، سەبارەت بە ناوخۆی هەرێمی کوردستانیشەوە، پێویستە لەسەر هەمووان، ئەو پەڕی هەوڵ بدەین کە دڵسۆزانەو، دوور لە هەموو بیرو بۆچوونێکی سیاسی، وەکو خەڵکێکی ئەم نیشتیمانە یەك هەڵوێست، یەك دەنگ بین، بۆ پاراستنی گشت دەسکەوتەکان و جێبەجێکردنی ئەوانەی کە هێشتا جێبەجێ نەبوونە، جودا لە بیری حزبایەتی لەکام حزبی، یان لەکام تەرەفی، لەدەسەلاَتی، یان لە ئۆپۆزسیۆنی، ئێمە هەموومان بەرپرسین لە پێش

ویـژدان و مێـژوو ومیللـەتمان لەبەرامبـەر راگرتنـی ئـەو یـەك هەڵوێسـتیە، سـەبارەت بـە نـاو پەرلـەمانی کوردستانیشـەوە، بەتایبـەتی پێویسـتە لەسـەر هـەمووومان، بەتایبـەت لیژنـەکان و فراکسـیۆنەکان هـەوڵی خۆیـان بخەنـە گـەڕ، بـۆ ئـەوەی هـیچ شـوێنەوارێکی دوو ئیـدارەیی لـە کوردستاندا نەمێنێ، هەرشتێك بـۆنی دوو ئیـدارەیی لێبێت ئـەرکی پەرلەمانـە بەدواداچـوونی بـۆ بکـات لەگـەڵ حکومـەت، کـە ئـەو شـتانە نەهێڵـدرێ و چارەسـەر بکرێـت، بەتایبـەتی لەیەکخسـتنەوەی دەزگاکـانی ئاسـایش و چـاودێری دارایـی، کـە لـە ماوەیـەکی نزیکـدا، لـەم پەرلەمانەدا، ئێوەی بەرێز بڕیاری لێ ئـەدەن و سـەرۆکی دیـوانی چاودێریی دارایـی لـە یەکـەم دانیشـتنمان لـە دوای جـەژنی رەمـەزانی پـیرۆز ئینشـائەڵلا ئەکەوێتـە بەردەسـتی ئێـوەو، سیڤیەکەشی لە سندوقەکانتانەو لە دوێنێوە دانـراوە، بـۆ ئـەوەی ئـەو دیـوانی چاودێریە یـەك بگرێتەوەو دەست بەکار بێت، ئـەو شـتانەش کـە بۆمـان هـاتووە لـە هـەر شـوێنێکی دەزگاکـانی چـاودێری جـاران هـەمووی مـەحفوزەو ئەخرێتـە بـەر دەسـتیان و ئـەو بەرێزانـە ئـەوجا بەدواداچوونی بۆ ئەکەن.

بەرێزان، لەم پشووی پەرلەمانە، ئێوەی بەرێزو هەندێك لە خوشك و بـرا پەرلـەمانتارەکان و لێژنە بـەرێزەکان بـە ئـەرکی خۆیـان هەڵساون و دەورێکـی کارایـان بینیـوە و، ئیشـێکی باشـیان کردووە، بۆیە موختەسەرێك لەو ئیشانەی کە ئەنجامیان داوە لەو ماوەیە ئەیخەینـە بەردەست ئێوەی بەرێز.

لـە مـاوەی نێـوان 7/1 تـا 2010/9/6دا، (284) نووسـراومان لـە دامودەزگـاو لایەنـە جیـا جیاکانەوە بۆ هاتووە، بۆ پەرلەمانی کوردستان و تۆمارکراوەو وەرگیراوە، لەبەرانبـەردا (170) نووسـراو لـە پەرلـەمانی کوردسـتانەوە دەرچـووەو، لیژنـە هەمیشـەییەکانی پەرلـەمان لـەو ماوەیەدا (8) کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت کردووەو، (16) سـەردانیان کـردووەو دامودەزگاکانیـان بەسـەر کردۆتـەوەو، (165) کۆنووسـی لیژنـەکان بەدەسـت سـەرۆکایەتی پەرلـەمان گەیشتووەو، هـەروەها سـەرۆکایەتی پەرلـەمانیش چـاو پێکـەوتنی خۆیـان هـەبووە لەگەڵ دام ودەزگاکانی کۆمـەڵگای مـەدەنی، لەگـەڵ حکومـەت، لەگـەڵ زۆر کەسایەتی تـر، بـەم شێوەیەی خوارەوە کە بۆتان باس ئەکەین، سـەرۆکایەتی حکومـەت جارێـك لـەم پشـووە لەگـەڵ سـەرۆکایەتی پەرلـەمان و بـە ئامـادە بـوونی فراکسـیۆنەکان دانیشـتنێکمان ئەنجامـدا، ئامـادە بـوونی وەزیـری سـامانە سروشـیەکان شـەش جـار بـۆ سـەرۆکایەتی پەرلـەمان، لەگـەڵ ئێمـە دانیشتووە پێشوازی وەزیرەکانی تـر وەك پلانـدانان و دادو چـەند وەزیرێکـی تـری بـەرێز کـە

حەوت وەزیر بوونە، بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان ئامادەییان هەبووە، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای عێراق و بەڕێز کاك حاکم سەردار کە ئەندامی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقە لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان دانیشتن، شەش جار دانیشتن لەگەڵ فەرمانبەرە گشتیەکان کراوە، لەسەرۆکایەتی پەرلەمان دانیشتن لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری، بۆ تەنسیق و هاوکاری وهەماهەنگی زیاتر لەبەینی دەزگا سەربەخۆکانی ناو هەرێمی کوردستان، پەرلەمانە، سەرۆکی هەرێمە، حکومەتە، سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەرییە.. کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ، کۆبوونەوەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆك لیژنەکان ئەنجامدراوە، پێشوازی سەرۆکی پەرلەمان لە شاندەکانی بیانی 20 شاند لەم پشووە سەردانی پەرلەمانیان کردووەو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوەو شتیان بۆ روون کراوە، پێشوازی سەرۆکی پەرلەمان لە شاندەکانی سەندیکاو رێکخراوە ناوخۆییەکان بە موشتەرەکی وەکو سەرۆکایەتی، ئەگەر بەڕێزان ئامادەی بووبن، 19جار لەگەڵیان دانیشتوون 19 شاند هاتوونەتە پەرلەمان وبینراون، کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان 7جار ئەنجامدراوە، 7 وەزیرو ژمارەیەك بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی پەروەردەش ئامادەی لیژنەکان بوونە.

ئەم چالاکییانە ئەنجامدراوە، لیژنەکان کارەکانی خۆیان ئەنجامداوە، بەڵام لەو لیژنانەی ئەو پرۆژانەی لەبەردەستان بوو، کە ئەبوو لەو هاوینە هەموو راپۆرتی گشت لیژنەکان، چونکە هەر پرۆژەیەك بۆ چەند لیژنەیەك پێشکەش کرا بوو، کە بۆمان بێتەوە، بەداخەوە تا ئێستا تەنها سێ پرۆژە بە تەواوەتی کە گشت لیژنەکانی متەفقن لەسەری، ئەوەکانی تری هەندێکی قسمێکی موافەقەتی کردووە، بەڵام قسمێکی هێشتا نەهاتووە، هەندێك لە پرۆژەکانی تریش کە ئامارەکانیان لەبەردەستمانە، ئێستا لێرە نییە، پێتانیان ئەدەین، کە ئەویش بەدەقیقی مەجموعەیەکی ماوە، بۆیە داوا لە ئێوەی بەڕێز ئەکەین ئەو پرۆژانەی کە ئامادە بووە، ئەو پرۆژانەی کە خوێندنەوەی بۆکراوە لەلای ئێوەی بەڕێزە، پێویستە زۆر بەڕێك و پێکی و بەوردی کاری لەسەر بکرێت و، بێتەوە سەرۆکایەتی، بۆئەوەی لەبەرنامەی کاری دابنێین.

هیچ پرۆژەیەك لەلایەن پەرلەمانتارانەوە هی هەر لایەنێك بێت، بۆ ئێمە فەرقی نییە، موهیم ئەوەیە بێتە ناو ئەو پەرلەمانە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئێوە بڕیاردەرن، ئێوەی پەرلەمانتار بڕیار ئەدەن ئەم پرۆژەیە بەچ شێوەیەك دەرباز بێت، یان ئەمە بەچ شێوەیەکی تر ئاڵوگۆڕی بەسەردابێت، بەڵام داوای ئێمە لە ئێوەیە لە لیژنەکان ئەو کارە بکەن، چونکە

لیژنەکان مەنبـەعی کارەکانـە، لـە فراکسیۆنەکان مناقشـەی خۆتـان بکـەن بـە تـەواوەتی رەئـی فراکسـینەکانتان بدەنــە نوێنــەرەکانتان، کــە لەگشــت لیژنــەکان هەیــەو، لــەناو لیژنــەکان مناقشەیەکی تێروتەسـەل بکرێـت و، رەئـی خۆتـان بـدەن لـە نـاو پەرلـەمان، بـۆ ئەوەیـە رەئـی موخـالف وموافـق چـەند بـەرێزێك لەسـەری روونکردنـەوەی خـۆی ئـەداتن، پاشـان ئەخرێتـە دەنگدانــەوە، بۆیــە ئــەم داوایــە لــەئێوەی بــەرێز ئەکــەم نــاو هــۆڵی پەرلــەمان نەکەینــە ئیشــی لیژنەکان، لیژنە ئیشی خۆی بکات، پەرلەمان کاری خۆی بکات.
سـەبارەت بەچـاودێری و بەدواداچـوونی کارەکـانی حکومـەتیش، پێویسـتە لەسـەر لیژنــەکانی پەرلـەمان، هـەر یەکـەیان بـەپێی بـوارو پسـپۆڕی خـۆی، بەدواداچـوون بـۆ کارەکـانی حکومـەت بکات، بەتایبەت بۆ پرۆژە وەبەرهێنەکان، کە داخـوا چـۆن و بـە کـوێ گەیشـتوون؟ بـۆ ئەمـەش لەدوو حەفتە جارێك حکومەت بانگ ئەکەینـە ئـەم پەرلەمانـە، ئینجـا سـەرۆکی حکومـەت، یـا جێگرەکـەی، یـان وەزیـرە بـەرێزەکان بـۆ ئـەو پرسـیارو ناروونییـەی کـە لـەلای ئێـوەی بـەرێز پێویستتان بەوەڵامدانەوەی راستەوخۆی هەیـە، کـە لـەم مینبـەرەوە بگاتـە خـەڵکی کوردسـتان، رۆژێك بۆ حکومەت دادەنێین و دیاری ئەکەین، هەروەها ئەوانیش ئەو کارانەی ئەیکەین بـەین بــەین بــانگ ئەکــەین، بۆئــەوەی لێــرە لــەپێش ئێــوەی بــەرێز روونــی بکەنــەوە، بــۆ ئــەوەی هەماهەنگی تەواو لەنێوان حکومەت وپەرلەمان هەبێت، کـە هـیچ شـتێك لەخـەڵکی کوردسـتان شـاراوە نــەبێت، زۆر شـەفافانە کاربکـەین و، ئـەو پرۆژانەشـی کـە ئـەنجامی ئـەدەن پێویسـتە هـەمووی بـزانین پرۆژەکـە نـاوی چیە؟ لـە کوێیـە؟ بۆچـی کـراوە؟ چـەند پـارەی پێویسـتە؟ چەندی بۆ ئەمساڵ پێویستە؟ چەندی لێ سەرف کراوە؟ کەی تەواو دەبێـت؟ زۆر وردو شـەفاف ودەقیـق بـین لەسـەر ئـەم کارانـە و، لەرێگـەی دارایشـەوە ئـەتوانین بگەینــە هـەموو ئەگـەر کەموکورتیەکیش هەبێت، داوا لە حکومەت بکەین کە چاك بکرێتەوە.
سەبارەت بە بودجەی خەملێنراوی ساڵی داهاتوو، بە نووسراوی ژمارە 1522/3/4 داوامان لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران کردووە لەوادەی یاسایی خۆی، واتا لە 10/1 بۆمـان ئامـادە بکەن وبینێرن، بۆ ئەوەی ماوەیەکی زۆرتـر بتـوانین لەسـەری کـار بکـەین و، لەسـەری گفتوگـۆ بکەین، ئەگـەر خەلـەلێك هـەبێت چـاك بکرێتـەوە، بـۆ ئـەوەی وەکـو پارساڵ تـاخیر نـەبێت و پاشان بکەوینە پەلـە پـەل و حکومـەتیش نارەحـەت بێـت، بۆیـە ئێمـە بـە نووسـراومان ژمـارە 1522/4/4 داوامان لێیان کردووەو، ئومێدەوارین ئەوانیش جێ بەجێی بکەن.

بەنیسبەت سیاسەتی نەوتی هەرێمی كوردستان، دوژمنی زۆرە لەناوەوەو دەرەوەی عێراق، بۆیە ئێمە پشتیوانی لەو سیاسەتە نەوتیەی خۆمان دەكەین، هەر ئەو سیاسەتە راستە بوو كە هەرێمی كوردستانی هێنایە سەر نەخشەی وزەی جیهانییەوە. ئەمەش لە خزمەت بەرژەوەندیی تەواوی عێراقدایە بە كوردستانیشەوە. ئەگەر قانونی نەوت و غاز بەشێوەیەكی رێكوپێك و وەك خۆی جێبەجێ بكرێ و بەشێوەیەكی شەفاف و لە رێگەی پەرلەمانەوە چاودێری تەواوو باش بكرێ و، خەڵكی كوردستانی لێ ئاگادار بكرێتەوە. لەمبارەوە چەندین جار دانیشتن لەگەڵ بەرێز وەزیری سامانە سروشتییەكان كراوەو، بەرێزان سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و بەرپرسەكانی تر لە پەرلەمان كۆبووینەوە، كە سەرۆكی فراكسیۆنەكان تیایدا ئامادەبوون و حكومەت بەڵێنی داوە كە هەرچی دۆكیومێنت و بەڵگەی پێویست لەمبارەوە هەیە بیخاتە بەردەم پەرلەمان و لیژنەی پیشەسازی و وزەوە. لێرەدا جێگەی خۆیەتی كە دەستخۆشیان لێبكەین، كە لە ئێستاوە داوایان لێبكەین زیاترو باشتر بە ئەركەكانیان هەڵسن، ئێمەش لە سەرۆكایەتی پەرلەمان هەموو هاوكاری و هەماهەنگیەكی تەواویان لەگەڵ ئەكەین، بۆ ئەو مەبەستەو، پێویستە ئاگاداری ئێوەی بەرێزیش بكەین خەریكین دەزگایەكی دراسات بۆ پەرلەمانی كوردستان دامەزرێنین، ئێستا ئامادەكاریمان بۆ كردووەو، شوێنمان بۆ حازر كردووەو، كادریریشمان بۆ حازر كردووە، دەست بەكار ئەبێت، ئەوجا پەرلەمان پێویست ناكات كە داوایان لێبكەین پرۆژەیەك، دراسەیەك بكات لەسەر وەزارەتی تەندروستی، لەسەر بواری تەندروستی لە هەرێم بڕوات بەم لاو بەو لا، تانكی مەعلوماتی هەیە ئەتوانێ زۆر سوود بەخش بێت و، هەوڵیش ئەدەین لە دەرەوەی عێراقیش تەسجیلی بكەین، بۆ ئەوەی بتوانین ئاڵوگۆڕی بیروڕاو مەعلومات لەگەڵ وڵاتەكانی دەوروبەرمان بكەین، هەر بەو بۆنەیەشەوە ئاگاداری ئێوەی بەرێز ئەكەینەوە كە كەم و كورتیەكانی پێش ئەندامانی پەرلەمان هەبوو، لە سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیارماندا بۆ نەهێشتنی ئەو كەم و كورتیانە، بەتایبەت بەنیسبەتی نیشتەجێبوون و، ئەویش تەرتیب كراوەو ئامادە كراوە لە ماوەیەكی نزیك هەموو ئەندامێكی پەرلەمان ئیتر شوێنی خۆی ئەبێتن، تەبعەن ئەو ماڵانە موڵكی پەرلەمانی كوردستانە، لە دوای ئێوەی بەرێزیش، بۆ ئەو خوشك و برا بەرێزانەی تر ئەبن، كە دێنە ئێرە، لە دوای ئەوانیش بۆ كەسانێكی تر ئەبن و، جێگەكەش زۆر موناسب و نزیكە، ئێمە ئەمڕۆ دانیشتنەكەمان لێرە كردەوە، خولەكان بەرەسمی ئیتر دەست بەكار ئەبین لە دوای جەژن یەكەم دانیشتنی ترمان ئەكەین، پێش

2-خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای تایبەت بە دانانی جەژنی ئێزیدییەکان بە پشووی فەرمی لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

3-خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای قەرەبووکردنەوەی ڕاگیراوانی بێ پاساوی یاسایی لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

4-خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای خۆپێشاندان و کۆبوونەوە گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

بەڕێزان قەراربوو ئەو دانیشتنە سەعات (11)ی پێش نیوەڕۆ بێ، بەڵام لەبەرئەوەی کە پێشتر دانیشتنەکانمان دواخست بۆ ئەوەی گفتوگۆ لە بەینی فراکسیۆنەکان بێت، کە هێشتا نەگەیشتبوونە ڕێککەوتن، بۆیە دواخرا بۆ دوای نیوەڕۆ سەعات (4:30)، لێژنەی یاسایی، لێژنەی ناوخۆ کەرەمکەن بۆ شوێنی خۆتان، بەڕێزان فەقەرە (1) بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای دەستەی باڵای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان-عیراق، وەك لای هەموو ئێوەی بەڕێز دیارە ماوەیەکی زۆرە چانسمان دایە ئێوەی بەڕێز، گشت فراکسیۆنەکان و ئەندامانی پەرلەمان، کە کۆدەنگێك هەبێ لەسەری، دیارە هێشتا ئەو کۆدەنگیە تەواو نەبووە، بۆیە لای ئێمە زۆر زۆر پێویستە زیاتر ئەو بەڕێزانە لەگەڵ یەکتر گفتوگۆ بکەن، ڕەئیەك هەبێت کە هەموو بە دڵخۆشی ئەو یاسایە دەرکەن، بۆیە لە سەرۆکایەتی بڕیارمان دا ئەوە بخەینە پێش ئێوەی بەڕێز، کە ئەو فەقەرەیە دوابخرێت، بە شەرتێك لە مانگێك تێنەپەڕێت، پاشان لەسەر فەقەرەکانی تر بەردەوام بین، ئێستا کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکات؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، تکایە تەواو، ئەوە تەصویت کرا، تکایە، کەرەمکە، کاك شاهۆ کەرەمکە.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا فراکسیۆنەکان نەگەیشتنە هیچ ڕێککەوتن و هیچ سازانێك بۆ ڕێککەوتن سەبارەت بە پرۆژە یاسای دامەزراندنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، هۆکاری ئەو بە یەکنەگەیشتن و نەسازانە دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی ئەوڕۆی کوردستان، کە بارودۆخێکە ئاسایی نیە، ئێمە پێشنیار دەکەین ئەو پرۆژە یاسایە، گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە تەئجیل بکرێ بۆ خولی داهاتووی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، تا ئەو کاتەی دەرفەت دەگونجێ، تا ئەو کاتەی کەش و هەوایەکی سیاسی و دیموکراتی ئەوتۆ دێتە پێشەوە، کە لەبەرژەوەندی هەموومان بێت و دەستەیەك هەڵبژێرین کە لە خزمەتی پرۆسەی دیموکراتی کوردستاندا بێت، زۆر سوپاس، داوا لە بەڕێزیشتان دەکەم ئەو پێشنیارەش لەگەڵ پێشنیاری بەڕێزیشتاندا وتووێژی لەسەر بکرێت و بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز پێشنیارەکە جێی ئیحتیرامە، بەڵام تەصویتی لەسەر کرا، کەی جارێکی تر ئەگەر هاتینەوە دانیشین ئەو پێشنیارە لەلای ئێمە تەسجیلە، دەیخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی پێش ئێوەی بەڕێز، بۆ ئەوەی ئەو

پێشنیارەی جەنابت بخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام ئێستا تەئجیل کرا، دەنگی هێنا، یەکەم جەلسە کە بۆ ئەو مەوزووعە دانرا، ئەو پێشنیارەی بەڕێزتان دەخەینە دەنگدانەوە، کەرەمکە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا پرۆسەی دەنگدانەکە بەو شێوەیە ناکرێت، ئێمە پێشنیارمان هەبوو، یەعنی بوار بدرێت پێشنیارەکە بخرێتە ڕوو، هەردوو پێشنیارەکە بخرێە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان، یەعنی ئەوە بەو پەلەپرووزەیە، بەو دەنگدانەو، یەعنی پرۆسەیەکی زۆر ناسەلیم بوو، بمبوورە، بەڕاستیەکەی دەبێت هەردوو پێشنیارەکە بخرێتە دەنگدانەوە، ئێمە پێشنیارمان هەبوو، پێشنیارێکی قانونیە، ئصولییە، هاوکارەکەم ئەسبابەکانی باس کرد، بۆیە لە ڕاستیدا دەبێت هەردوو پێشنیارەکە بخرێتە دەنگدان، پرۆسەی دەنگدانەوە، ئەندامانی پەرلەمانیش بڕیاری لەسەر بدەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان گوێتان لێ بوو، پێشنیارێك هەیە کە ئەو جەلسەیە، ئەو پرۆژەیە بۆ دەورەی خولی داهاتووی پەرلەمان، یەعنی بۆ خولی (4) بخرێتە دەنگدانەوە، کاك عمر کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی بەڕاستی ئیقتیراحەکان دیارە جۆراوجۆر دەبن، من پێموایە ئەو پرۆژە یاسایە قسەی زۆری لەسەر کرا، ڕاستە لە هەندێ خاڵ و هەندێ بڕگە نەگەیشتووینەتە قەناعەتێکی وا باش، بەڵام خەیارێکی تر هەیە، کە ئەوەیە ئەورۆ درێژەی پێ بدەین لەو خاڵانەی کە لە سەری پێك هاتووین، ئەو یاسایە ئەگەر درێژ بکرێتەوە دووبارە بۆ کاتێکی نادیار، دووبارە هەڵگیرێتەوە، چەند ڕۆژە پەرلەمان مەشغولی ئەوەیە، فراکسیۆنەکان مەشغولن، بەڕاستی ئێمە وەکو فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەگەڵ ئەوەین ئەورۆ درێژەی پێ بدەین، بەڵام ئەگەر دوایشی دەخەن، چەند ڕۆژێك بێت، تا ئەگەر گفتوگۆیەك ماوە، چەند خاڵێکی موحەدەد کۆتایی پێ بهێنرێ، نە مانگێك، نە فەصلێك، هیچ درێژ نەکرێتەوە، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەنیسبەت دواخستنەکەی کە لە مانگێك زیاتر نەبێت، ئیحتیمالە دوو ڕۆژ بێت، یان (10) ڕۆژ بێت، لەو فەترەی کە لەگەڵ یەك بگەنە ڕێککەوتنێك دێتەوە، ڕێزم بۆ پێشنیارەکەت هەیە، پێشنیاری بەڕێز کاك شاهۆ کە پشتیوانیشی هەبوو، داوا دەکات ئەو پرۆژە یاسایە دوابخرێت بۆ دەورەی (4)، کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەسنیە لەسەر ڕاکەی کاك عمر دەکەم و داوا دەکەم ئەویش بخرێتە....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ جوابم دایەوە برای عەزیزم، جواب هینەکەی کاك عمر لەگەڵ تەئجیلەکەیە، بەڵام نەك مـەفتووح بێـت، ئێمـە سـەقفێکمان بـۆی دانـا، ئـەو سـەقفە ئیحتیمالـە سـبەی بێت، ئەگـەر ئەمشـەو بگەنـە ئیتیفـاق سـبەی دەیکەین، حەفتەیەکی تر بێت، بەس لە مانگێ ڕەت نەبێت، ئەو پێشنیارەی کە کرا، کە بخرێتە دەنگدانەوە، کەرەمکە.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ڕێگەم پێ بدەی بەرگری لەو پێشنیارە بکەم کە کردم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە پێشنیارت کرد بۆ دەورەی، کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، لەبـەر ئـەوەی هـیچ دەستپێشـخەرییکی دڵنیاکـەرەوە لەلایـەن فراکسـیۆنی زۆرینەی پەرلەمانەوە.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا ڕجائەن، نیزامی نیە، تکایە دانیشـن، تـەواو، بـەڕێزان پێشـنیارێك هەیـە داوا دەکـات بـۆ خـولی چوارەمی پەرلەمانەوە پرۆژەیە دوابخرێت، کێ لەگەڵە تکایـە دەسـتی بـەرز بکـات؟ (22) بـەڕێز لەگەڵـە، کـێ لەگەڵدا نیە؟ بـە زۆرینـەی دەنـگ پێشـنیارەکە ڕەت کرایـەوە، ئـەوەی یەکـەم قبـوڵ دەبـێ، ئێسـتا بـۆ فەقـەرەی (2) لەبەرنامەی کار، لێژنەی ناوخۆ کەرەمکەن بۆ جێگای خۆتان، لێژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی کەرەمکەن بۆ سەر مینەصە، لێژنەی کاروباری ئاینی بۆ خوێندنەوەی، ببورن، لێژنەی یاسایی کەرەمکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، خوشك و برایانی بەڕێزم ئەندامانی پەرلەمان، ئێسـتا دەقـی ڕاپـۆرتی لێژنـەی یاسـایی دەخوێنمـەوە سـەبارەت بـە فـەرمیکردنی بۆنـە تایبەتییـەکانی بـرا ئێزیدییەکان، کە ببێتە پشوویەکی فەرمی، ئێستا دەقی ئەو ڕاپۆرتەتان بۆ دەخوێنمەوە بە زمانی عـەرەبی، پاشان برایانی بەڕێزم بە زمانی کوردی دەیخوێننەوە:

جەژنی ئێزدیەکان کە بە پشووی فەرمی لە هەرێمی کوردستان-عیراق، لیژنەی کاروباریاسایی، کـە لـە ڕۆژی سێ شەممە 12 خەرمانان 2710 کوردی بەرامبـەر بـە 2010/8/3 زاینـی کۆبـووەوە، بـۆ تـاوتوێ کردنـی پرۆژەی بڕیاری تایبەت بە دانانی جەژنی ئێزدیەکان بە پشووی فەرمی لەهەرێمی کوردستان-عیراق، کـە لـە لایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێم پێشـکەش کـراوە، وەدوای خوێندنـەوەی یەکـەمی لـە پەرلـەمان لـە دانیشتنی ئاسایی ژمارە 19ی ڕۆژی 2010/6/27 بۆ لیژنە ناردراوە، دوای گفتوگۆ و تاوتوێ کردن، لیژنـە پشتگیری لە پرۆژەکە دەکات بە شێوەیەکی گشتی، بەلاَم تێبینی ئەوە دەکرێت، پرۆژەکـە چـەند هەڵەیـەکی تیایە، دوای ڕاست کردنەوەی پێشنیاز دەکەین، بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، یەکەم: ئـەو جـەژن و بۆنانـە بـە پشووی فەرمی دادەنـرێن لـە هـەرێمی کوردسـتان بـۆ ئێزدیـەکان، 1- جـەژنی جـەمایی لـە 7 تـا 13 مـانگی تشرینی یەکەمی زاینی هەموو ساڵێك، 2-جەژنی چلەی هاوین، لە 31 تەمموز تـا 2 ئـابی زاینـی هـەموو ساڵێك، 3- جەژنی سەری ساڵی ئێزیدییەکان کـە دەکاتـە چوارشـەممەی یەکـەمی هـەموو مـانگی نیسـان، بـە پێی ڕۆژ ژمێری ڕۆژ هەلاَت یەك ڕۆژ، 4- جەژنی ڕۆژووی ئێزدیەکان کە دەکاتە شـەممەی یەکـەمی هـەموو مانگی کانونی یەکەم بە پێی ڕۆژ ژمێری ڕۆژهەلاَت، یەك ڕۆژ، دووەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران وە لایەنە پەیوەندیـدارەکان حوکمـەکانی ئـەم بڕیـارە جێبـەجێ بکـەن، سـێیەم: ئـەم بڕیـارە لـە ڕۆژی بـلاَو کردنەوەی لـە ڕۆژنامـەی فـەرمی وەقـایعی کوردسـتان جێبـەجێ دەکرێـت، بفـەرموون بـۆ ئاگـاداری ئەصـڵی پرۆژەکـە، وەڕای لێژنـەی یاسـایی لـەم بارەیـەوە بخرێتـە بـەردەم پەرلـەمان، بـۆ گفتوکـۆ کـردن لەسـەری و دەربڕینی ڕای گونجاو، لە بارەیەوە و دەنگدان لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی کەرەمکەن.

**بەڕێز علی حسێن محمد فەیلی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنە دەربارەی پرۆژە بڕیاری دانانی جەژنی ئێزدیەکان بە پشووی فەرمی لە هەرێمی کوردستان-عیراق.**

لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ڕۆژانی 2010/7/27، وە 2010/9/15ی زاینی، کۆبووەوە بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژەی بڕیاری دانـانی جـەژنی ئێزدیـەکان بـە پشووی فـەرمی لـە هـەرێمی کوردسـتان- عـیراق، کـە لەلایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێم پێشـکەش کـراوەو، دوای خوێندنـەوەی یەکـەمی لـە پەرلـەمان، لـە دانیشتنی ئاسایی ژمارە 19 ڕۆژی 2010/6/27 بـۆ لیژنەکـەمان نـاردراوە، دوای گفتوگـۆو تـاوتوێ کـردن، لیژنە پێشنیازەکانی خۆی بەم شێوەیە پێشکەش دەکات.

یەکەم: خاڵی یەك لە برگـەی یەکـەم بـەم شـێوەیە ڕاسـت بکرێتـەوە، جـەژنی جـەمایی لـە 6 تـا 13 مـانگی تشرینی یەکەم، دووەم: خـاڵی سـێ لـە برگـەی یەکـەم بـەم شـێوەیە ڕاسـت بکرێتـەوە، جـەژنی سـەری سـاڵی ئێزدیەکان کە دەکاتە چوارشممەی مانگی نیسان، بە پێی ڕۆژ ژمێری ڕۆژ هەلاَتی، سێیەم: پشتگیری دەکەین

لەوەی کە ئیزدیەکان مافی خۆیانە جەژن و پشووی تایبەتی خۆیان هەبێت، بەڵام پێشنیازی کەم کردنەوەی ڕۆژەکان دەکەین، چونکە دەکاتە 14 ڕۆژ، وەلەهەمان کاتدا ئەوان لە بۆنە ئاینی و نیشتیمانیەکانی تردا بەشدارن، بفەرموون بۆ ئاگاداری ئەصڵی پڕۆژەکە و ڕای لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، بخرێتە بەردەم پەرلەمان، بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری و دەربڕینی ڕای گونجاو لەو بارەیەوەو دەنگدان لەسەری، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو لەسەرەتا ئیشارەتمان پێیدا، کە هەندێك هەڵە هەبوو، لە ئەصڵی پڕۆژەکە کە لەلایەن حکومەتەوە هاتبوو، دیاری کردنی ڕۆژەکان هەندێك هەڵەی تێدابوو، ئێمە ئیتیصاڵمان کرد بەڕاستی بە مەسئولی بەرا ئێزدیەکان لە وەزارەتی ئەوقاف، دوایی ئیتیصاڵمان کرد بە مەجلسی روحانی بەرا ئێزدیەکان، ئەم نووسراوەمان بۆ هات، تەئیدی ئەم پڕۆژانە دەکات بەو شێوەیەی کە ئێستا ئێمە لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی خوێندمانەوە، وە ئەو کتابەمان بە نەزەری ئیعتبار وەرگرت لە تەقریرەکە، بۆیە ئەو ڕاپۆرتەی ئێمە نووسیومانە، موتابقە لەگەڵ تەقریری رەئیسی مەجلسی روحانی بەرا ئێزدیەکان، وە ئێستاش ئەگەر ڕێگامان پێ بدەی برگە برگە دەخوێنینەوە، بۆ ئەوەی رەئی خۆشمان بدەین، وە بدرێتە دەنگدان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکەن، فەرموو، بیخوێننەوە بۆ ئەوەی رەئی ئەندامانی بەڕێزیش وەرگرین لەسەری، پاشان دەخرێتە دەنگدانەوە، کەرەمکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەصڵی پڕۆژەکە بەم شێوەیە هاتبوو:

اولاً: تعتبر الأعياد والمناسبات المدرجة في ادناه عطلاً رسمية في الاقليم للاخوة الايزيديين:

1- عيد جمايي من (6/5) لغاية (13) من شهر تشرين الأول، بەردەوام بم یان مناقەشەی بکەین.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

من (10/7) نەوەك خمسة، ستة، ئەصڵی پڕۆژەکە، نا ئەوەی مەجلسی روحانی کە هاتووە، بیخوێننەوە با بەڕێزان نوسخەیەکیان هەبێت، نازانم نوسخەتان تەوزیع کردووە سەر ئەندامەکان؟ هەیە لای هەمووان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك یەك دەخوێنینەوە، ئەوەی کە:

**إلى رئاسة برلمان إقليم كوردستان**

**م/ أعياد الإيزيدية**

1- عيد جمايي من (10/7) لغاية (10/13) من شهر تشرين الأول).

بەڵام پێویستە تشرین ئەوەلی میلادی ئیزافە بکرێن، لەبەر ئەوەی لە بڕگەکانی تر تەقویمی شەرقی هاتووە.

2- عيد أربعينية الصيف من (31) تموز لغاية (2) من شهر آب الميلادية.

3- عيد رأس السنة و يصادف يوم الأربعاء الأول من شهر نيسان في التقويم الشرقي.

4- عيد صوم الإيزيدين و يصادف يوم الجمعة الأولى من شهر كانون الأول بالتقويم الشرقي.

**الأمير تحسين سعيد علي**

**رئيس المجلس الروحاني للإيزيدين الأعلى**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کەس هەیە لەسەری قسە بکات، ناویان بنووسین بۆ ئەوەی رەئیان بدەن، بەڕێزان ئەم بەڕێزانە ناوی خۆیان نووسیوە، ئەوەی کە ناوی نەنوسرابوو، پاشان ناوی خۆی بڵێ، کاردۆ محمد، عبدالسلام بەرواری، سالار محمود، سەروەر، ئامینە زکری، سۆزان، برهان ، هاژە سلیمان، د.احمد، کەسی ترماوە؟ ناوت بڵێ، فاضل بەشارەتی، گۆران ئازاد، حازم تحسین، رفیق سابیر، کاك کاردۆ کەرەمکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە بڕیارێکی بەجێیە بۆ رێز دانانی یان بە پشووکردنی رەسمی، جەژن و مناسەباتەکانی برا ئێزدیەکان، بەلاّم بەلای منەوە یەکێك لەو پێشنیارانەی کەوا گرنگن بۆ کەلتوری پێکەوە ژیان و رێزدانان بۆ برا ئێزدیەکان، جەژنی سەری ساڵیان لە هەرێمی کوردستان ببێتە پشووی رەسمی بۆ هەرێمی کوردستان، کە ئەمە پێموایە هەنگاوێکی زۆر ئیجابیە، لەوەی کە ئێمە دوای ئەو هەموو ستەم و بێ مافیەی بەرامبەر ئەوان کراوە لە کوردستان، لە سایەی ئەزموونی خۆمان رێز بۆ ئاین و موناسەبەی ئەو برایانە دادەنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عبدالسلام بەرواری فەرموو.

**بەڕێزی عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**خەریکە منیش تەئیدی ئەو ئیقتراحە بکەم، بەلأم وابزانم با بهێڵین بۆ ئەوانەی موختەص، من یەك تێبینیم هەیە، سوپاسی کاك شێروان دەکەم، کە باسی ئەوەی کرد، باسی میلادی بکەین، وەکو ئێوە دەزانن تاریخی گۆرگی لە نیهایەتی قرنی 19 و سەرەتای قرنی 20، دەستی پێ کرد، 13 ڕۆژ وابزانم چوینە پێش، چونکە تاریخی شەرقی وەکو هی کوردی، بلا بڵێین لەگەڵ فصول دەستی پێ دەکرد، پێنج شەممەی یەکەمی کانونی یەکەم، یانیش چوار شەممەی یەکەمی نیسان، مەعنای نیە یەکی مانگی چواری ئێمەیە، من نازانم هاوکاریم بکەن، ئەبیتە پاش 1/21، وابزانم ئەگەر بچین تەماشا بکەین، ئەتوانین تەحدیدی بکەین، چوارشەممەی پاش، یان ئەخیر دەبیت یان پێش ئەخیر، ئەو ملاحەزەم هەیە، زۆر موهیمە ئەگەر لەوێ نەنووسرێتن، چونکە ئەوە هەر پێی دەڵێن شەرقی بەتەنیا جێگای ئەو بێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز کاك سالار فەرموو.**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە ڕاستیدا لە ڕووی مەبدەئی پشتگیری ئەم پڕۆژەیە دەکەم، چونکە خوشك و برا ئێزدیەکان خصوصیەتێکی خۆیان هەیە، وە ئەبێت ئەو خصوصیەتە لە ڕووی یاساییەوە لەبەر چاو بگیرێت، ئەوەی وەکو لە ئەصڵی پڕۆژەکە هاتووە، باسی برا ئێزدیەکان دەکات، من هیوادارم لیژنەی یاسایی دیقەت بکەن، چونکە ئەوانە خوشك و براو داك و باوك، لە ڕووی ڕەسەنایەتیەوە ئەتوانین بڵێین بەشێکی ڕەسەنن لە بنەچەی ئەم نەتەوەیە، کە زۆرینەی کوردستانە، نەتەوەی کورد، دیقەت لەسەر ئەو مەسەلەیە بکرێت، وە ئەگەر بکرێت هەر لە پێشەکیشدا، قسە لەسەر ئەوە بکرێت، ئەوانە بەشێکن لە کورد و کوردستانیان، چونکە ئێستاکە ئەجندای تر هەیە، دەیەوێ کە ئێزدیەکان لە ئەصڵی مێژووی خۆیان، وە خصوصیەتی خۆیان دابڕێ، وە ئێستاکەش بەشێك لەو سیراعەی کە هەیە لە ناوچەکانی کێشە لەسەر، بەتایبەتی لە موصڵ و لەو جێیانە لەوانەیە ڕەنگدانەوەی واقعی هەیە، بۆیە ئەبێت ئەو خصوصیەتانە لەبەر چاو بگیرێن، وە ئەم پڕۆژەیەش بەشێك بێت لە سڕینەوەی ئەو ئیجحافەی کە بەرامبەریان دەکرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**یەعنی جەنابت ئەڵێی دوو وشە ئیزافە بکەن، یەك خوشك بخرێتە پێش براکان، دوایش وشەی کورد، بخرێتە پێش ئێزدیەکان، وانیە، باشە سەرچاو، کاك سەروەر فەرموو.**

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره من پشتكیری له ڕای هاوڕێكانم دەكەم، بەتایبەت ئەوەی كاك سالار دەری بڕی، ئێمە دیـاره هـەمووما‌ن دەزانـین، خوشـك و بـرا ئێزدیـەكان بـە شـێكی دانـەبڕاون لـە نەتـەوەی كـورد، وەیـەكێك لـە ڕەسـەنترین پێكهاتـەكانی كوردسـتان و كـوردن بەتایبـەتی، هـەر بۆیـە پێویسـتە لەسـەرمان ئێمـە ئـەو ڕەسـەنەتیەیان بپارێزین، ئەم بڕیاره له شوێنی خۆیەتی، بەلاّم شتێك كـە مـن دەمـەوێ لێـرەدا وشـەیەكی تـری بـۆ ئیزافـە بكرێت، خۆتان دەزانن دەستێك هەیە كەوا دەیەوێ میللەتەكەمان پارچە پارچە بكات، بەتایبەت ئەوەی لەو دواییانەدا بینیمان سەبارەت بە ئەنجامدانی سەرژمێریەكان، كە خوشك و برا ئێزدیەكانمان دادەبڕن بـەوەی كەوا شوێنێكی تایبەتیان بۆ كردوونەتەوە جیا لە نەتەوەی كورد، هەر بۆیـە مـن پێمباشـە لێـرەدا بـە تـەنها ناوی ئێزدیەكان نەیەت، ئێمە جیاوازی ئێزدیەكان لەگەڵ كورددا، موسوڵمان و مەسیحیەكاندا تـەنها لایەنـە ئایینیەكەیە نەوەكو لایەنەكانی تری، بۆیە من پێم باشـە لێـرەدا بڵێین ئـەو جـەژن و بۆنانـەی بـە پشـووی فەرمی ئاینی دادەنرێن، ئینجا لە هەرێمی كوردستان بۆ ئێزدیەكان، یان بۆ كوردە ئێزدیـەكان وەكـو هـاوڕێم كاك سالار گوتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كوردی ئێزدی یان ئاینی ئێزدی بكرێت؟، كامەی یەعنی وازح بێت پرسیارەكە.

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بمبورە، ئێمە لێرەدا جیاوازیەكەی تەنیا جیاوازی ئاینە لە نێو كوردستاندا هەیـە، بۆیـە پـێم باشـە وشـەی ئاینی تیا بێت، ئەگەر بێت و ئێمە هەندێك تایبەتمەندیەتی بدەین بـە ئێزدیـەكان، جیـا لـەوەی كـە پێمـان وایە، كەئەوانیش پێمان دەسەلمێنن كـە دێنـە سـەر ئـەوەی كـە ئێمـەش لـە كوردیـان دادەبـڕین، نـەخێر، لـە كوردیـان دانـابڕین، تـەنها تایبـەت مەندیـە ئایینیەكەیـە، بـۆ ئـەوەی ڕەسـەنیەتیان بپـارێزرێ، لەلایـەن مێژوویەكەشەوە وەكو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئامینە خان فەرموو.

**بەڕێز ئامینە ذكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز ژی دەست خوشیێ دكەم لەو پڕۆژەیە، هەلبەت گرنگی دان بە جـەژنێت ئێزدیـا، كـو ئـەو ژی پێكهـات و نەتەوا كوردا، تشتەكی گرنگە، لێ مـن هەنـدەك تێبینـی هەیـە، پشـتی دگـەل هنـدەك شـێخ و پـیرو هنـدەك كەسایەتیێت ئێزدیا ئەز ڕیشتمە خارێ، مناقەشەمێ كری، سـەبارەت جـەژنا جـەمایێ ئـەڤ خـۆ شـەش هـەتا 13 مانگا تەشرینێیە، نەهـ حەتا 13، لێ ماوەی حەفت ڕۆژا ئەز بینم گەلـەكێ درێـژە، هـەر گـۆ ئاخافتنێـت وان بۆ خۆ كار تێكرنەكا مەزن سەر زارۆكێت وان دێچنە دخوینن دكەتن، خەستەخانە دكەت، بۆ نمونە ئەز دبێژم خانكێ یـان شـاریا ئـەو خەسـتەخانێت وان هـەی حـەفت ڕۆژا خەسـتەخانە نەهێنـە ڤـەكرن، یـەعنی

تەئسیر هەر سەر موجتەمەعێت وان خۆ دبیتن، ژبەر هندێ ژی یەعنی پێشنیارێت ئەو کەسایەتێت دینیێت وان، ئەگەر چار ڕۆژی دوماهیکا یەعنی 10،11،12،13 یەعنی جەژنێت وان بیتن، چنکی وان ڕۆژا مەراسیمێ دینی شێوەکێ خۆ دێتە کردن، ئەم زانین، کوردستان ناڤەندا ئێزدیاتییێیە یەعنی هەمی ئێزدیێ دەرڤەژی، حەز کوردستانێ دکەن بۆ ڕێ و رەسمێت خوّیێ ئاینی، دگەڕێنەڤە، ژبەر هەندژی ئەز پێشنیار دکەم جەژنا جەمایێ حەفت ڕۆژە ببیتە چار ڕۆژا، 10،11،12،13، کو مەراسیمێت، تقوسێت وان یێ دینی یا چار ڕۆژا دەرکەوی، ئو هەر وەسا جەژنا سەرێ سالا ئێزدیا چار شەمبیێ ئو پێنج شەمبێشی بۆ زێدە ببی، مە مەراسیمێت وان سەرێ سالێ بۆ هەندێ کو فەرمانبەرێن جهێ دی ژ تێن بیتە سەبەبا هەندێ کو پێنج شەمبێ توماتیکیەن ئەڤ خۆ دەوامێ نەکەن و موشکیلە بۆ چێ د ڤنەڤە، یەعنی ڕۆژەك بکەڤیتە ما بەینە عوتلێ و ڕۆژا دیتردا، ئەز لبەر هەندێ پێشنیار دکەم چوار شەمبێ و پێنج شەمبێ ڕۆژا رسمیا سەر سالا ئێزدیان بیت و پێنج شەمیش بنیسرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشەکی دەمەوێ دەست خۆشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەم لەم زەرف و ئەو کاتەی کە ئێستا دەیانەوێ یاخود موئامەرەیەك لە ئارا دایە بۆ سڕینەوەی بەشە نەتەوایەتیەکەی ئێزیدیەکان کە کوردەکەی لێ لابەردرێت، بۆیە من لەگەڵ ئەوە دام لێرەدا بنووسرێت (فی اقلیم کوردستان للکورد الائیزیدین) ئەمە بۆ ئیعادەی تەوکیدە، بۆ ئەوەی ئێمە بە دەنگی بەرز لە پەرلەمانی کوردستانەوە یاسایەك کەدەرچووە تەئکید کردنە لەسەر کورد بوونی برا ئێزیدیەکانمان، بۆیە من پێم باشە ئەو کوردیەی بۆ ئیزافە بکرێت، سەبارەت بە ژمارەکانیان ئێمە دەست خۆشی لە لیژنەی یاسایی دەکەین بە دانیشتن لەگەڵ لیستی ڕۆحانی و تەحدید کردنی ڕۆژەکان لەلایەن مەجلسی ڕۆحانیەوە، ئەوە خواستێکی خۆیانە، بۆیە بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەدام و لەگەڵ خواستەکانی ئەوان چۆنیان داوا کردووە و بەنامەی فەرمی بە هیچ شێوەیەك ئێمە دەسکاری نەکەین، ئەو برادەرەی کە گوتی کە کاك عبدالسلام گوتی منیش خەریکە دێمە سەر ئەو ڕایە، بەڕاستی منیش پشتگیری لەوە دەکەم کە خوانەخواستە (پشتگیری بۆ کاك عبدالسلامە هیچ کێشە نیە!) پشتگیریەکەم بۆ کاك عبدالسلامە و بۆ برای بەڕێزم کاك کاردۆیە، چونکە ئەو لە پێشدا کردی، ئەوە هەر ویستم تۆزێ تەلتیفی جەوەکە بکرێت، دەست خۆشیشی لێ دەکەم بۆ ئەو پێشنیارە، جەژنی سەری سالی ئێزیدیەکان بکرێتە جەژنێکی فەرمی لە هەرێمی کوردستاندا لە ساڵەکەشدا لە وەرزێکی باش دایە، وەرزێکی خۆش دایە، بەو شەرحەی کە کاك عبدالسلامیش کردی دەکەوێتە تەقریبەن کۆتایی مانگی 4 و نزیکی مانگی 5 دا، پشتگیری لێ دەکەم داوا دەکەم ئەوە بکرێت بە جەژنێکی فەرمی لە هەرێمی کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری زەمیلەکانم دەکەم لە پەرلەمانی کوردستاندا کە بەڕاستی ئەمانە بەشێکی دانەبڕاوی میللەتی کوردن، میللەتی کورد لەڕووی پێکهاتەیەوە لەڕووی ئاینی و مەزهەبەکانیەوە میللەتێکی هەمەڕەنگە وەکو چەپکە گوڵێك وایە، بەڕاستی حەق نیە ئیحتکار بێ و موناسەباتی رەسمی و عوتڵەی رەسمی بەس بۆ لایەنێك، بۆیە من بەباشی دەزانم لە جیاتی ڕۆژێك یان جەژنێکیان بۆ بکرێتە پشووی رەسمی، مەبدەئی مەساوات کاری پێ بکرێت لەگەڵ ئەواندا، ئەوانیش دوو جەژنیان بۆ بکرێتە پشووی ڕەسمی، بەڕاستی لەبەرئەوەی ئەمانە بەشێکن لە نەتەوەی ئێمە، جێگەی شانازی ئێمەن، میللەتێکن بەدرێژایی مێژووی خۆیان هەر لەسەردەمی عوسمانیەکانەوە ئەگەر سەیری تەئریخیان بکەین چەندەها جار بەر حەملاتی ئەنفال کەتوون لەو سەردەمەدا، حەملاتی ئەنفالی ئەو وەختە، بەڵام ماونەتەوە وەك بەشێکی زیندووی میللەتەکەمان، ئەرکی ئێمەیە وەکو پەرلەمانی کوردستان ڕێزیان لێ ئەگرین و لە جیاتی جەژنێکیان بۆ بکەینە پشووی ڕەسمی دوانیان بۆ بکەین بە پشووی ڕەسمی لە هەموو کوردستاندا نەك تەنها بۆ خۆیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەم، تێبینیەکم هەیە لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی لە کوردیەکە نووسراوە (ڕاپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسایی تایبەت بە دانانی جەژنی یەزیدیەکان بە پشووی فەرمی لە هەرێمی کوردستان)، لە عەرەبیەکە نووسراوە (تقرير حول مشروع قانون باعتبار الاعياد والمناسبات الخاصة بالايزيدين عطلا رسميا لهم في اقليم كوردستان)، یەعنی لە کوردیەکەی نووسراوە (پشووی فەرمی لە هەرێمی کوردستان) لە عەرەبیەکەی نووسراوە (عطلا رسميا لهم) ئەو تێبینەم هەیە و پێشنیاری ئەوەش دەکەم کە جەژنی جەمایی، یەکەم ڕۆژ ببێتە پشووی فەرمی وە جەژنی چلەی هاوین یەکەم ڕۆژی ببێتە پشووی فەرمی لە هەرێم، وە جەژنی سەری ساڵیش، یەعنی سێ ڕۆژی ببێتە پشووی فەرمی لە هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علي احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەسڵی پرۆژەکە کە لە حکومەتەوە هاتووە، دەڵێت ئیعتبار بدرێتە ئەو ئەعیاد و موناسەباتانەی کە دەبنە پشووی رەسمی بۆ ئێزیدیەکان خۆیان، بۆ کوردە ئێزیدیەکان بێت بۆ هەرچی پێشگرێك کە بۆی دادەنێی، گرنگ ئەو ڕۆژانە عوتڵەی رەسمیە بۆ ئێزیدیەکان خۆیان، بەڵام وەکو لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی ئەوقافیش هاتووە بەڕاستی ڕۆژەکان زۆرن بەڕای من ئەگەر هەندێکیش لەوانە موناسەبات بێت، چونکە نووسراوە (تعتبر الاعياد والمناسبات المدرجة ادناه عطلا رسميا في اقليم كوردستان للائيزيدين) ئەگەر موناسەبات بێت، چونکە ئێمە لە کوردستاندا موناسەباتی تری زۆریشمان هەیە، بەڕاستی ئەگەر عید نەبێت هەموو موناسەبەیەك ناکرێت بکرێتە پشووی ڕەسمی، ئەگەر هەمووی عید نەبێت، چونکە نووسراوە (الاعياد والمناسبات) بۆیە پێشنیار دەکەم کە کەم بکرێتەوە، چونکە ئەوان وەکو لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی ئەوقافیش هاتووە لەگەڵ موناسەباتی دیکەی کوردستان هەمووی هاوبەشن ئەو بابەتە، ئەگەر یەکێك لە کوردە ئێزیدیەکانمان لە ناوەندێکی زانکۆدا بۆ نموونە مامۆستا بێت یاخود لە فەرمانگەیەك دا دەوام بکات،، ئەو کات لەڕۆژی پشووەکەی ئەو شوێنەی بەجێ دەهێڵێ، لەکاتێك دا لەگەڵ پشووەکانی دیکەش بە هەمان شێوە ئەوان هاوبەشن لەگەڵ ئێمەدا، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە پشووەکان کەم بکرێتەوە و هەندێك لەوانە بە ئارەزووی خۆیان و بە ڕەئی خۆیان دیاری بکرێت کە بکرێتە پشووی ڕەسمی، بەڵام بۆ ئێزیدیەکان خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حازم فەرموو.

**بەڕێز حازم تحسين سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕەئی لیژنەی قانونیمە، چونکە ئەو پرۆژە یاسایەی گەیەشتیە پەرلەمان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کرا لە مەرجەعی دینی رەئیسی ئێزیدیان هاتیە، ئەو پرۆژە یاسایە زۆر دیفاعی لە هەستی کوردی ئێزیدیان دەکات، چونکە لە کوردستاندا کوردی موسوڵمان هەیە و کوردی ئێزیدی هەیە و کوردی فەیلی هەیە و مەسحی هەیە، وە لە نەفسی کاتدا قانونی عوتەڵی رەسمی هەیە، لە قانونی حکومەتی عیراق، قانونی ژمارە110 ساڵی 1992 لە ماددەی 2 برگە (د) (خاصه بالاعياد الائيزيديه)، یەعنی لە حکومەتی پێشووش مەوجودە دکتور، عەددی ئەیام نە 14 یە، ئێمە لە مەرجەعی دینی ئێمە نە 14 یە، 11 یە، چونکە ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕۆژی جومعەیە دەبیتە 11 ، لەڕێز گرتن بۆ هەندێك ئەندامی پەرلەمان کو کم کرنا ئەعیادی جەمایی 7 ڕۆژن کەم کرن، چونکە ئەوە ناتوانین تەلاعبی بکەین و تەغیر بکەین،

چونكە ئەوە مەسائیلی رۆحیانینـە و دینیـە و هیـچ نـاتوانین تـەلاعوبی پـێ بكـەین، ئەگـەر پێشـنیاری كـو رۆژێـك لـە رۆژی عیـدی ئێزیـدیان ببێتـە عوتڵەی ڕەسمـی لـە كوردسـتان زۆر دڵخۆشـی ئێزدیـان لـە عالـەم هەمووە، زۆر مەمنون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.رفیق فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كوردستان وڵاتێكـی فـرە زمـان و فـرە ئـایین و فـرە مەزهەبـە، لەبەرئـەوە دانـانی قـانونێكی لـەو جـۆرە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی گیانی تەبایی و یەكتر قبوڵ كردن و ڕێز لە یەكتری گرتن بەهێز تـر بكات لـە كوردسـتان، وە پـرۆسێسی دیمـوكراتیش زیـاتر بچەسـپێنێ، لەبەرئـەوە مـن ئەمـەم زۆر پـێ باشـە و دەست خۆشـیش لـە لیژنەی یاسایی دەكەم كە لە ڕاپۆرتەكەیاندا ناوەڕۆكی هینی ئاینی ئەوان ئەوەی كە ئەوان مەبەستیان بووە برا ئێزیدیەكان كە ئـەوەیان لەبەرچـاو گرتـووە، ئـەوان ڕاسـتیەكە ناشـارنەوە هەسـت بـە سـتەمێك دەكـەن، ستەمەكەش تەنها لەلایەن شۆڤێنستە عەرەبیـەكان نیـە، بـەڵكو لـەناو كوردسـتانیش دا هەسـت دەكـەن وەك بایـەخیان پـێ نـەدراوە، لـە دیـدارێك دا جـەنابی مـیری ئێزیـدیان بـە ئاشـكرا دەڵێـت كـە ئـەوان سـتەمیان بەرامبەر دەكرێت، ئەم بڕیاردانـە و ئـەم قـەرارە بـۆ ئـەو قانونـە بـۆ خـۆی دەبێتـە ئـەو هەسـتە لای ئـەوان هیـوادارم كـەم بكاتـەوە و لەسـەر ئـەرزیش ئەگـەر سـتەمێك هـەبێت یـان كـەم تەرخەمیـەك هـەبێت لەبەرامبەریان، بڕیاردانی ئەم قانونە ببێتە هۆی نەمانی ئەمە، من لەگـەڵ ئـەوەم كـە عیـد رەئـس سـەنەی ئەوان ببێتە پشووی ڕەسمی لە هەرێمی كوردستاندا هەروەك چۆن ئێمە بۆ عاشورا هەمانە و هەندێك شتی تایبەت بە برا شیعەكان هەیە و لە كوردستانیش دا پشـووی رەسمیـە و مـن پێموایـە شـتێكی گرنگـە و لـەو رۆژەدا ئێمە بیر خەڵكی خۆمان بخەینەوە كە گروپێكی تری ئاینی هەن لە كوردستاندا ئاینیـان جیـاوازە لـە ئـاینی ئێمـە و ئـەو رۆژە پشووی ڕەسمـی ئەوانـە و ئێمـەش لەگـەڵ ئـەوان هاوبەشـیان دەكـەین، بۆیـە مـن پشتگیری پێشنیارەكەی كاك كاردۆ دەكەم، ڕۆژەكان ئەوەی كە لە پـرۆژە یاساكان پێشـنیاری برایـانی لیژنـەی یاسایی داهاتووە من پشتگیری لەوە دەكەم، جەژن كەم ناكرێتـەوە، ئایـا دەكرێـت ئێمـە جـەژنی ڕەمـەزان لـە سـێ ڕۆژەوە بكـەین بـە دوو ڕۆژ؟ بیهێنـە بەرچـاوی خۆمـان، ئەگـەر ئێمـە كۆمـەڵێك بـاین وەكـو موسـوڵمان كەمایەتی بووینایە و زۆرایەتیەكی غەیری موسوڵمان بەسەر ئێمەیدا فەرز كردبایـە كـە لـە جیـاتی ئـەوەی جەژنی ڕەمەزان سێ ڕۆژ بێ و جەژنی قوربان چوار ڕۆژ بكرابایە سێ ڕۆژ یان دوو ڕۆژ، ئایـا هەسـتی ئێمـە بەرامبەر ئەوان چۆن دەبوو لەو حاڵەتـەدا، لەبەرئـەوە مـن پێموایـە ناكرێـت ئێمـە جەژنـەكان لـەت و پـەت بكەین و ڕۆژێكیان بدەینێ و سێ ڕۆژ لە موسوڵمانان وەربگرینەوە و لە ڕەمەزان بڵێین تۆ بۆت هەیـە تـەنها دوو ڕۆژ جەژن بكەی، شتێكی تریش هەیە كە بەڕاسـتی مـن پێموایـە ئێزیدیـەكان حـەقی خۆیانـە كـە ئـەو پشووانەیان هەبێت ئەگەر ئەوان كورد بـن یـان نـەبن، ئـەوان هـاووڵاتی كوردسـتانین، مـاف لەسـەر ئەساسـی

نەتەوە، نادرێت ئەو جۆرە، هەروەك چۆن برایانی تری غەیرە موسوڵمان مافیان هەیە پشووی خۆیان هەبێ و دەبێت مافیان هەبێت، ئەوانیش مافی ئەوەیان هەیە، لەبەرئەوە من پێم زیادە کوردە ئێزیدیەکانی تیا بکەین، پێویست ناکات ئێمە لەبەرامبەر ئەو شەپۆلەی کە دەڵێت برا یەزیدیەکان کورد نین، ئێمە بێین ڕەد فعلێك وەربگرین، ڕاستیەکەی خەڵکی ئازادە خۆی چی بێت، ئێمە بە کوردیان دادەنێین.......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەئی جەنابت زیاد بێت یان کەم بێت، کاك د.رفیق فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك خۆی بێت، باشە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هیچ هینێکم نیە لەسەر مەسەلەی بوونی جەژنی ئێزیدیەکان، بەلام پێشنیارێکم هەیە کە بەڕاستی بەتایبەتی ئەوە فەترەیە کە زۆر زیاتر لە جاران هەموو پیاوە دیارەکانی برا ئێزیدیەکان باسی ڕەسەنایەتی کورد بوونی خۆیان دەکەن، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو موناسەبەیەیان یان جەژنی ئێزیدیەکان نەوترێت جەژنی ئێزیدیەکان، جەژنی ئاینی کوردە ئێزیدیەکان بوترێت، لەبەرئەوەی بە حەقیقەت ئێمە دەڵێین ئێزیدیەکان کوردی ڕەسەنن، نەوترێت جەژنی ئێزیدیەکان، جەژنی ئاینی کوردە یەزیدیەکان بگوترێت، ئەوە یەك، دوو/ هەر لەم موناسەبەیە بە مەجالێکی باشی دەزانم کە باسی ئەو ئایینانەی تریش بکرێت لە هەرێمی کوردستان کە نوێنەریان بەڕاستی لەناو پەرلەمان نیە کە بە ڕۆژیش دابندرێت بۆ موناسەبە و جەژنی ئەوانیش بە تایبەتی کاکەییەکان کە بە حەقیقەت کاکەییەکان پێم وایە نفوسێکی زۆریان لە هەرێمی کوردستان هەیە...... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل نیزامی، ئەمە پرۆژەیەکە تایبەتە بە برا ئێزیدیەکان، بۆیە ئەگەر مەوزوعی تر لە جێیەکی تر باسی دەکەین، ئێستا لەسەر ئەم مەوزوعە قسە بکە تکایە لە بابەتەکە دەرمەچوو؟ فەرموو.

**بەڕێز فاضل بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موناسەبە زۆرە لە هەرێمی کوردستان من پێم باشە لەگەڵ جەژنی ئێزیدیەکان تەحدید بکرێت ئەو موناسەبانەی کە کامی دەبێتە عوتڵە و کامی بە ئیعلام دەکرێت؟ ئەوەش پێموایە شتێکی باشە، لەبەرئەوەی زۆر وەخت لە کاری ئیداری هەرێمی کوردستان نەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە بۆچوونەکەی کاك کاردۆ دەکەم کە لە کاتی ئیمزا کردنی ڕاپۆرتەکەش تەحەفوزمان نووسیوە کە ڕۆژێك بووە لە هەموو هەرێمی کوردستان بکرێت بە پشووی ڕەسمی دیارە ئامانج لە دانانی ئەوە نیە کە هەرێمی کوردستان پێویستی زەروریەتی ئەو پشووەی بێت، ئەوەندەی شتێکی مەعنەویە بۆ هەست کردن هەم بە خسوسیەتی ئەوان، هەم بۆ مەسەلەی پێکەوە ژیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.ئەرسەلان فەرموو.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەناوهێنانی کوردە ئێزیدیەکان، ئێمە پرسیارێك لە خۆمان بکەین دەڵێین کوردە موسوڵمانەکان؟ دەڵێین کوردە مەسیحیەکان؟ چونکە ئێمەی مەسیحیشمان هەیە و شەهیدیش بووە لە شۆڕش، لەبەرئەوە دەبێت بڵێین ئێزیدیەکان و عوتڵەکانیش بەناوی ئاینی بێت، بەناوی ئاینی ئێزیدییەکان، منیش تەئیدی قسەکەی کاك کاردۆ دەکەم، کە سەری ساڵ جەژنی فەرمی سەرتاسەری کوردستان بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی وەڵامتان بۆ ئەو پرسیارانەی کە کران، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارانەی کە ئێستا خرانە ڕوو، لەپێنج پێشنیار کورتم کردۆتەوە، یەکەمیان: ئەوە بوو کە وشەی (برا) لە کوردیەکەو وشەی (اخوە)لە عەرەبیەکە لابرێت، (الاخوە الائیزیدیین)ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین کە پێویست ناکات، پێشنیاری دووەم ئەوە بوو زیاد کردنی وشەی کورد، لەپێش وشەی ئیزیدی، وەك کوردە ئیزییەکان، لەوەش لاریمان نیە، بەڵام هەروەکو هەندێك لەو بەڕێزانە ڕوونیان کردەوە، ئەگەر بەمەفهومی موخالەفەی وەربگرین، ئەوە ئیزیدی غەیری کوردیش هەیە، ئەو پشووانە شمولیان ناکات، بۆیە ئێمە بە باشی نازانین کە ئەو وشەیە زیاد بکرێت، هەروەکو لە پڕۆژەکەدا هاتووە (للائیزیدیین)زیاد کردنی ئەو ڕۆژە کە لەچەند بڕگەیەك هاتووەو باس لە تەقویمی شەرقی دەکات، یەك، دوو بەڕێز پێشنیاریان کرد کەوا ڕۆژەکە دیاری بکرێت، بەڕێزان ئەوان لەبەر ئەوەی تەقویمی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەبێ ئەو تایبەتمەندییەی ئەوان بپارێزین، ئەگەر ڕۆژەکەش دیاری نەکەین خۆیان بەپێی ئەو تەقویمەی خۆیان ڕۆژەکە دیاری دەکەن، هەروەك لە ڕاپۆرتی مەجلسی ڕۆحانیش هاتووە، ڕۆژەکە

دیاری نەکراوە، تەنها خۆیان بەپێی تەقویمی خۆیان دیاری دەکەن، پێشنیارێکیش کرا کە وا کەمکردنەوە یاخود زیاد کردنی ڕۆژەکان، زیاتر پێشنیارەکە ئەوە بوو کە ڕۆژەکان زۆرن، پێویستە کەم بکرێن، هەروەکو هەندێك لەو بەڕێزانەش ڕوونیان کردەوە، ئەو جەژنانە تایبەتە بە خۆیان، بۆ پاراستنی ئەو تایبەتمەندییەی خۆیان، لەڕاپۆرتی مەجلسی ڕۆحانی هاتووە، کەوا دەستکاری کەم کردنەوە یان زیاد کردنی ئەو ڕۆژانە وابزانم لەدەستەڵاتی ئێمە نیە، با بۆنەکانیان ئەو پیرۆزییەی کە هەیەتی ئێمە هەوڵ بدەین کە بیپارێزین، نەك دەستکاری بۆنە ئایینیەکانیان بکەین، دوا پێشنیار ئەوە بوو کە ڕۆژی جەژنی سەری ساڵیان بە پشووی فەرمی بۆ هەموو هەرێمی کوردستان دابندرێت، ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین، بڕیار بڕیاری پەرلەمانی کوردستانە، ئەگەر دەنگی بۆ درا ئێمە لاریمان نیە کەوا ئەو ڕۆژە بە پشووی فەرمی بۆ هەموو هەرێمی کوردستان دابندرێت، بەڵام لەحاڵەتێك ئەگەر دەنگی بۆ درا، ئەو بڕگەیە لەو ماددەیە ئەبێ لابدرێت لەبەر ئەوەی ئەو بڕگەیە لە چوار مادده پێك دێت، سێیان تایبەتە بە بۆنە ئایینیەکە کەوا تایبەتە بە ئیزیدییەکان خۆیان، بۆیە دەبێ ئەو بڕگەیە لێرە هەڵبگیرێت، کە ئەگەر تایبەت کرا یان تەعمیم کرا بۆ هەموو کوردستان، ئەوە دەبێ لەو ماددەیە لاببرێت، حوکمێکی تایبەتی بدرێتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیزافەتەن بۆ ئەو قسانەی کە دکتۆرە ڕۆژان کردی، ئێمە هەوڵماندا بەڕاستی بەنیسبەت فەقەرەی سێ و چوار، لە تەقویمی شەرقی لەمانگی نیسان، حەزمان کرد تەحدیدی ڕۆژەکە بکەین، کە چەندی مانگ دەکات، وتیان ئێمە، ناتوانین ئەو ڕۆژە تەحدید بکەین تەنها بە تەحدید کردنی (الاربعاء الاول) نەبێت، یاخود (الجمعة الاول) نەبێت، ئەبێ بەم ڕۆژانە تەحدید بکرێت، چونکە ڕەنگە ساڵ بەساڵ ڕۆژەکە فەرق دەکات، بۆیە ئێمە پابەندین بەڕۆژی چوارشەمی یەکەم، بەنیسبەت جەژنی سەری ساڵ، لە چوارشەمی یەکەم لە مانگی نیسان لە تەقویمی شەرقی، بەنیسبەت جەژنی بەڕۆژوو بوونی ئیزیدیش ئێمە پابەندین بە جومعەی یەکەم، لەمانگی کانونی یەکەمی تەقویمی شەرقی، بۆیە ئێمە نەمانتوانی تەحدیدی ڕۆژەکە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ تەئکید کردنم لەقسەکانی بەڕێزان دکتۆرە ڕۆژان و کاك شێروان، ماددەی نۆ لە قانونی مەدەنی عێراقی، دەڵێت( تحسب المواعيد بالتقويم الميلادي مالم ينص القانون على غير ذلك) واتە لێرەدا ئێمە کەناوی

تەقویمی میلادیمان هێنا مانای وایە ئاگامان لێیە کە بە میلادی ئیش دەکەین، بەڵام کە قانون ڕەسمەن ئیقراری کرد، کە جەژنەکان یان بۆنەکان، بە تەقویمی شەرقی حساب بکرێت، ئەوە هیچ کێشەی قانونی نیەو گونجاوە، لەگەڵ قانونی مەدەنی عێراقی ئەمە تەنها تەوزیحێك بوو بۆ ئەو بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا پێشنیارێك هات کە زۆر لە خوشك و براکان پشتیوانیان لێکرد، کە جەژنی سەری ساڵیان لە کوردستان ببێت بە پشووی فەرمی، ئەم پێشنیارە دەخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە با دەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بوو بە جەژنێکی فەرمی بۆ هەموو هەرێمی کوردستان، نەك تەنها بۆ ئیزیدی بۆ هەموو دام و دەزگا فەرمیەکان لە هەرێمی کوردستان، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا بابەتەکە جیاواز بوو، ئەگەر ئەمر بفەرموون سەڵاحیەتمان بدەنێ کە صیاغەکەی جیاواز بکەین بە فەقەرەیەکی جیاواز، با لەئێستاوە تەسبیتی بکەین کە دەنگی لەسەر درا، واتە ئاوای لێ دێت.

**قرار رقم (  )لسنه 2010**

اولاً: تعتبر الاعياد والمناسبات المدرجة ادناه عطلة رسمية في اقليم كوردستان للائيزيديين:

1-يعتبر عيد رأس السنة الائيزيدية والمصادف يوم الاربعاء الاول من كل شهر نيسان حسب التقويم الشرقي يوم واحد عطلة رسمية في الاقليم.

دانیشتنی ژمارە 7 لە 2010/10/26 ڕۆژی سێ شەممە ك3

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

اولاً: يعتبر عيد رأس السنة الائيزيدية والمصادف يوم الاربعاء الاول من شهر نيسان بالتقويم الشرقي عطلة رسمية لاقليم كوردستان – العراق.

ثانياً: تعتبر الاعياد المدرجة ادناه عطلة رسمية في الاقليم للائيزيديين:

1- عيد جمايي من 10/7 لغاية 13 من شهر تشرين الاول الميلادي من كل سنة.

2- عيد اربعينية الصيف من 31/ تموز لغاية 2 من شهر أب الميلادية من كل سنة.

3- يوم صوم الائيزيديين ويصادف يوم الجمعة الاول من شهر كانون الاول بالتقويم الشرقي.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەوە گوێتان لێ بوو، ئێستا گفتوگۆی لەسەر کرا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو.

ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی ناوخۆو لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی دەکەین کەرەم بکەن فەرموون بۆ سەر مەنصە، لیژنەی مافی مرۆڤ، لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی کەرەم بکەن، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژەیە ئیحالەی لیژنەی مافی مرۆڤ نەکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە فەرموو.

**بەڕێز دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەهەمان شێوە ئەو پرۆژەیە ئاراستەی کۆمەڵگای مەدەنی نەکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ببوورن، ئەمە خاڵی دووی بەرنامەی کار بوو، ئەمە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی دارایی کراوە، تکایە کەرەم بکەن بۆ جێگای خۆتان، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای قەرەبوو کردنەوەی راگیراوانی بێ پاساوی یاسایی کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.

**پرۆژە یاسای قەرەبوو کردنەوەی راگیراوانی بێ پاساوی یاسایی**

ماددەی یەکەم:

قەرەبوو کردنەوەی هەر کەسێك کە بە گومان دەستگیر دەکرێت و پتر لە ماوەی یاسایی لە زیندان دەهێڵێرێتەوەو دواتر بێ تاوان دەردەچێت و ئازاد دەکرێت، یان پێش ئازاد کردنی کۆچی دوایی دەکات.

ماددەی دووەم:

قەرەبوو کردنەوە ماددی و مەعنەوی دەبێت.

ماددەی سێیەم:

قەرەبووی ماددی لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕو شارەزا لەبواری یاسایی و مافی مرۆڤ دەست نیشان بکرێت، بەپێی ماوەی مانەوەی زیندانیەکەی لە زیندان قەرەبوو بکرێتەوە.

ماددەی چوارەم:

قەرەبووی مەعنەوی بکرێتەوە بە گەڕانەوەی مافە لە دەست چووەکانی کاتێك کە زیندان بووەو، گێڕانەوەی ناوبانگی کۆمەلأیەتی.

**ماددەی پێنجەم:**

**هیچ لایەنێکی حزبی بۆی نییە زیندانی هەبێت، یان کەسێکی دیاری کراو بە پاساوی سیاسی، یان ئاسایشی (ئەمنی) دەستگیر بکات و، ئەگەر دەستگیری کرد، ئەو کەسە مافی قەرەبوو کردنەوەی هەیە، ئەو کەس و لایەنەش بەرپرسیارە لە قەرەبوو کردنەوەکە.**

**ماددەی شەشەم:**

**رێنمایی پێویست بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ دەبێت.**

**هۆکاری پێویست بۆ دەرکردنی ئەم یاسایە**

**لەبەر بوونی ژمارەیەکی زۆر لە هاوولاَتیان کە لەسەر بیروڕای جیاوازو بە گومان زیندانی کراون و، بەبێ تاوانبار کردن لە زیندانـدا ماونەتەوە، بۆتە هۆی زەرەرمەند بوونیان لە رووی ماددی و مەعنەویەوە، هەروەها لە پێناوی پاراستنی مافی مرۆڤ و رێزگرتن لە جیاوازی بیروڕای سیاسی، بۆیە ئەم یاسایە دەرچووە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێستا پرۆژەکە بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە:**

**مشروع قانون تعويض الموقوفين بدون حجج قانونية**

**المادة الاولى:**

**اي شخص يوقف على اساس الشك ويحتفظ به في السجن لمدة اكثر من الفترات القانونية المحددة ثم تتبين براءته ويطلق سراحه، او يتوفى قبل اطلاق سراحه، يعوض من قبل الحكومة.**

**المادة الثانية:**

**يعوض مادياً ومعنوياً.**

**المادة الثالثة:**

**تقوم لجنة متخصصة وخبيرة في المجالات السياسية ومجال حقوق الانسان بتحديد التعويض المادي على اساس مدة بقائه في السجن.**

**المادة الرابعة:**

**يعوض معنوياً باعادة حقوقه المهدورة خلال مدة بقائه في السجن مع اعادة اعتباره الاجتماعي.**

**المادة الخامسة:**

**ليس لاي جهة حزبية ان تمتلك سجناً او ان تحتجز شخصاً معيناً بحجة سياسية او أمنية، فأذا قامت بأحتجازه فأنه يستحق التعويض، وان الجهة القائمة بحجزه هي المسؤولة عن تعويضه.**

**المادة السادسة:**

**تقوم وزارة الداخلية بأصدار التعليمات الضرورية لتنفيذ احكام هذا القانون.**

**الاسباب الموجبة**

**بالنظر لتوقيف عدد كبير من المواطنين بسبب ارائهم السياسية المختلفة او على اساس الشك وبقائهم في السجن دون توجيه تهمة معينة اليهم، مما اصابهم باضرار مادية ومعنوية، لذا ولأجل حماية حقوق الانسان واحترام الاراء السياسية المختلفة، فقد صدر هذا القانون.**

**جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئێستا راپۆرتی لیژنەی یاسایی بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە سەبارەت بە پرۆژەکە:**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان _ العراق**

**م/ تقرير اللجنة القانونية**

**اجتمعت لجنة الشؤون القانونية بتاريخ 18/خەرمانان/2710 الكوردية المصادف ليوم 2010/8/9 الميلادية لدراسة مشروع قانون تعويض الموقوفين بدون حجج قانونية في كوردستان– العراق، المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (13) في 2009/12/29 وبعد الدراسة والمناقشة والمداولة توصلت اللجنة الى ما يأتي:**

**ان الحق في الحرية من الحقوق الاساسية المعترف بها للفرد على صعيد القوانين الداخلية والدولية وان توقيف الانسان في سياق الاجراءات الجنائية عندما يكون متهماً بإرتكاب جريمة او غيرها من الاسباب لهو من اشد الاجراءات الماسة بهذا الحق وان القوانين توصلت الى حقيقة مفادها بأن لا مناص من اللجوء في بعض الاحيان الى حرمان الفرد من حريته لفترة من الزمن للعديد من الاعتبارات والمسوغات منها:**

**1- حق المجتمع وحاجته الى التعرف على الجناة ومحاكمتهم وفرض الجزاء القانوني المقرر قانوناً عليهم.**

**2- ضرورة منع المتهم من التأثير على مجريات التحقيق وقطع الطريق امامه للتأثير على مجريات التحقيق باخفاء ادلة الجريمة المرتكبة او طمس معالمها أو التاثير على الشهود.**

**3- ترضية المجتمع والرأي العام الذي يتطلع دوماً الى وقوع مرتكبي الجرائم في قبضة العدالة لما ينجم عن ذلك من طمأنينة في نفوس افراد المجتمع، وبما ان حرية الانسان وكرامته مصانة ولايجوز حرمان احد منها او انتهاكها لذلك يجب ان يكون هناك ضمانات وضرورة احاطة هذا الاجراء بالعديد من القواعد التي هي في الحقيقة والواقع ضمانات تهدف الى ابقاء هذا الاجراء في مجراه الصحيح وضمن دائرة الغاية او الغايات التي تم السماح به من اجلها وعدم الخروج عنها واستخدامها في اغراض اخرى غير مشروعة.**

**4- لذلك ترى لجنتنا بان القوانين الوطنية لمعظم بلدان العالم تسمح بالتوقيف وتضع القواعد التي تحكم التوقيف ومعاملة الموقوفين وضمان حق الدفاع عن انفسهم وهو حق مقدس ومكفول في جميع مراحل التحقيق والمحاكمة وهو من المواضيع التي حظيت باهتمام بالغ من لدن القوانين، وليست هناك في كوردستان سجن للاحزاب بحجز الاشخاص بحجة سياسية وان قانون العقوبات عالجت الجريمة السياسية فإذا ثبت وجود**

مثل هذه السجون او ارتكبت مخالفات بهذا الشكل فأنها تشكل جريمة وانتهاك للقوانين تستوجب محاسبة الجهة القائمة بها وهي المسؤولة عن التعويض وفق القواعد العامة للتعويض.

وبموجب المادة (6) من القانون المدني رقم (40) لسنة 1950 فان الجواز الشرعي ينافي الضمان فمن استعمل حقه استعمالاً جائزاً لم يضمن ماينشأ عن ذلك من الضرر.

ومن استعمل حقه استعمالاً غير جائز وجب عليه الضمان ويصبح استعمال الحق غير جائز في الاحوال الآتية:-

أ- اذا لم يقصد بهذا الاستعمال سوى الاضرار بالغير.

ب- اذا كانت المصالح التي يرمي هذا الاستعمال الى تحقيقها قليلة الاهمية بحيث لاتتناسب مطلقاً مع ما يصيب الغير من ضرر بسببها.

ج- اذا كانت المصالح التي يرمي هذا الاستعمال الى تحقيقها غير مشروعة.

وان المتهم برئ حتى تثبت ادانته ولايجوز الحبس او التوقيف في غير الاماكن المخصصة لذلك وفقاً لقوانين السجون المشمولة بالرعاية الصحية والاجتماعية والخاضعة لسلطات الاقليم ويحظر الحجز ولايجوز القبض على اي شخص او توقيفه إلا بمقتضى امر صادر من قاضي او محكمة او في الاحوال التي يجيز فيها القانون وبما أن القضاء مستقل لاسلطان عليه لغير القانون.

وتسرى ولاية المحاكم على جميع الاشخاص الطبيعية والمعنوية بما في ذلك الحكومة وتختص بالفصل في المنازعات والجرائم كافة.

وبما ان التوقيف سلب حرية المتهم فترة من الزمن غالباً ما يتصف بالتأكيد تستوجبه مصلحة التحقيق وفق ضوابط  وضمانات موجودة ومثبتة في القوانين

كما ان احكام الاعمال غير المشروعة التي تقع على النفس والمال والاحكام المشتركة معالجة بصورة تفصيلية ضمن احكام القانون المدني المواد (186-232 وخاصة 202و 204و 206) وفي حالة حصول خرق للقانون هناك ضمانات واردة في قوانيننا لكيفية الطعن وللمطالبة بالتعويض المادي والمعنوي ومنها قانون العقوبات رقم (111) لسنة 1969، وقانون اصول المحاكمات الجزائية رقم (23) لسنة 1971 المعدل، وقانون السلطة القضائية رقم (23) لسنة 2007، وقانون مجلس الشورى رقم (14) لسنة 2008، والقانون المدني رقم (40) لسنة 1951، والقانون رقم (21) لسنة 2003، والقانون رقم (22) لسنة 2001 الصادر عن برلمان كوردستان، وقانون مكافحة الارهاب رقم (3) لسنة 2006 حيث لأول مرة في العراق والمنطقة تثبت مادة برقم (14) للمطالبة بالتعويض للمتهم حيث تنص على انه ﴿للمتهم بالجريمة الإرهابية الذي تثبت برائته عن التهمة المسندة اليه حق المطالبة بالتعويض عما لحقه من ضرر مادي ومعنوي بسبب انتهاك حقوقه الانسانية المنصوص عليها في الدستور والقوانين.

وفي حالة اشخاص موقوفين بدون حجج قانونية وخلافاً للقانون فأنه بامكان اعضاء البرلمان ولجنه متابعة الموضوع ومراقبة التحقيق عن اسباب عدم تنفيذ القوانين وخرقها، لان ذلك من صميم مهامهم، وفي حالة وجود دليل على ذلك نقترح على رئاسة البرلمان تشكيل لجنة لمتابعته.

5- فبوجود احكام ومواد دستورية وقانونية ومنها دستور العراق والقوانين النافذة التي تعالج الحالات التي تقع تحت طائلها فليست هناك حاجة الى سن قانون بهذا الشأن حيث لكل من اوقف او يوقف بدون سبب مشروع وخلافاً للقانون حق المطالبة بالتعويض وفق المواد القانونية النافذة لذا تقترح اللجنة وتوصي للاسباب اعلاه برفض المشروع.

راجين التفضل بالاطلاع وعرض اصل المشروع ورأي اللجنة القانونية بشأنه على البرلمان للمناقشة وابداء الرأي المناسب بشأنه والتصويت عليه. مع التقدير

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەم بكەن بە كوردی.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان_عێراق**

**بابەت/ ڕای لێژنەی كاروباری یاسایی**

لیژنەی كاروباری یاسایی لە بەرواری 18ی/خەرمانانی/2710ی كوردی، ڕێكەوتی ڕۆژی 2010/8/9 زایینی، بۆ لێكۆڵینەوەی پرۆژە یاسای قەرەبوو كردنەوەی ڕاگیراوانی بێ پاساوی یاسایی لە كوردستان - عێراقدا كۆبووەوە.

پرۆژەكە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوەو پاش خوێندنەوەی یەكەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (13)ی ڕۆژی 2009/12/29دا رەوانەی لێژنەكەمان كراوە. دوای لێكۆڵینەوەو گفتوگۆ و ڕا گۆڕینەوە لەسەر پرۆژەكە لیژنەكەمان گەیشتە ئەمانەی خوارەوە:

مافی ئازادی لەو مافە بنەڕەتیانەیە، كە بۆ تاكە كەس لەسەر ئاستی یاساكانی ناوخۆو نێو دەوڵەتی دانی پێدانراوە. گرتنی مرۆڤیش كاتێك بە تێوەگلانی تاوانێك، یان بە هۆكارێكی تر تۆمەتبار دەكرێت و، پێڕۆكردنی توندترین ڕێكاری جینائی لە دەرهەقی ئەو كەسە، كە زیان بەو مافانەی دەگەیەنێت و، گەیشتونەتە راستیەك دەڵێت:

هیچ ڕێگایەك نییە لەوە زێتر، كە تا ماوەیەك لەبەر گەلێ پەندو هۆكار، لەوانەش:

1 -مافی كۆمەڵگەو پێداویستی كۆمەڵگە بۆ دیاری كردنی تاوانباران و دادگایی كردنیان و سەپاندنی سزای یاسایی بە سەریاندا، بەپێی یاسا.

2 -پێویستە تۆمەتبارەکە کاریگەری لەسەر ڕێکارەکانی لێپێچینەوە نەبێت و دەبێت ڕێگای پێ نەدرێت کار لە ڕێکارەکانی لێپێچینەوە بکات، وەك شاردنەوەی بەڵگەکانی تاوان، یان ئاسەوارەکانی بسڕێتەوە، یان کاریگەر لە شاهێدەکان بکات.

3 -رازیکردنی کۆمەڵگەو ڕای گشتی کە هەرگیز بە تەمایە تاوانباران بکەونە دەستی عەدالەت کۆمەڵگا دڵنیا بکات، جا لەبەر ئەوەی کە ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ پارێزراوەو، ناشێت نەکەس لێی بێ بەش بکرێت نە پێشێل بکرێت، لەبەر ئەوە پێویستە چەند گەرەنتیەك کە ڕێکارەکە لە ڕێچکەی دروستی خۆیدا و لە چوارچێوەی ئامانج، یان ئەو ئامانجانەدا بمێننەوە، کە ڕێگای پێ دراوە بۆ ئەو کارەو، ناشێت لەو ڕێکارانە زیاتر بکرێت و بۆ ئامانجی تری نا ڕەوا بەکاربهێنرێن.

4 -لەبەر ئەوە لێژنەکەمان ڕای وایە کە یاساکانی نیشتمانی زۆربەی وڵاتانی جیهان ڕێگا بە گرتن دەدات و بنچینە بۆ حوکمی دەست بەسەر داگرتن دادەنێت و مامەڵە لەگەڵ گیراوەکان دەکات و، مافی خۆ پاراستنیان مسۆگەر دەکات، کە مافێکی پیرۆز و مسۆگەرە لە هەموو قۆناغەکانی لێپێچینەوەو دادگایی کردنداو لەو بابەتانەشە کە یاساکان گرنگیەکی زۆری پێ دەدەن. لە کوردستانیش حزبەکان بەندیخانەیان نیە خەڵکی تێدا بگرن بەبیانووی سیاسی، یاسای سزاکانیش چارەسەری تاوانی سیاسی کردووە. ئەگەر بوونی ئەم جۆرە گرتووخانانە بسەلمێنرێت، یان سەرپێچیەکی لەو جۆرە بکرێت ئەوە تاوان و پێشێل کردنی یاسایە، پێویستە ئەو لایەنانە سزا بدرێن کە ئەو کارە دەکەن، بەرپرسیشە لە قەرەبوو کردنەوە بەپێی بنچینە گشتیەکانی قەرەبووکردنەوە.

بەپێی ماددەی (6) لەیاسای شارستانی (المدنی) ژمارە (40)ی ساڵی 1951 (الجواز الشرعي ينافي الضمان) کەسێك بە شیاوی مافی خۆی بەکار بێنێت، ئەو زیانە زامن ناکات کە لە ئەنجامیەوە پەیدادەبێت.

کەسیکیش مافی خۆی بە ناشیاوی (غير جائز) بەکاربێنێت، زەمانەتەکەی دەکەوێتە سەر. بە کارهێنانی مافیش لەم حاڵەتانەی خوارەوە دا ناشێت (غير جائز):

أ- ئەگەر هیچ مەبەستێك لەو بەکارهێنانە نەبوو تەنیا بۆ زیان گەیاندن بەلایەنی تر نەبێت.

ب- ئەگەر ئەو بەرژەوەندیانەی کە لە ئەنجامی بەکارهێنان بەدی دەهێنێت گرنگیان کەمتر بوو لەو زەرەرەی بەر لایەنەکەی تر دەکەوێت بە هیچ جۆرێك هاوسەنگی لەنێوانیان نەبوو.

ج- ئەگەر ئەو بەرژەوەندیانەی لە ئەنجامی بەکارهێنانی مافەکان بەدیان بهێنێت ناڕەوا بێت.

تۆمەتباریش بێ تاوانە تاکو تاوانەکەی دەسەلمێنرێت. نابێت کەس بگیرێت، یان ڕابگیرێت، یان دەست بەسەر بکرێت بەبێ فەرمانی دادوەر، یاخود دادگا، یان لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە یاسا ڕێگای داوە، دادوەری سەربەخۆیەو لە یاسا بەو لاوە هیچ دەسەڵاتێکی بەسەردا نییە.

لەبەر ئەوەی کە گرتن بۆ ماوەیەك ئازادی لە تۆمەتبار دەستێنێت زۆر جاران جەختی لەسەر دەکرێت وپێویستە بۆ سەلامەتی لێپێچینەوە بەپێی ڕێکارو گەرەنتیانەی کە لە یاساکاندا هەن و چەسپاون.

هەروەها حوکمەکانی کارە ناڕەواکان کە دەکەونە سەر ژیان و موڵك و حوکمە هاوبەشەکانیش بەشێوەیەکی دوورودرێژ لە چوارچێوەی حوکمەکانی یاسای شارستانیدا، لە ماددەکانی{186-232 بەتایبەتیش لە 202 و204 و 206} چارەسەر کراون.

ئەگەر لادانیش لە یاساکاندا بکرێت، لەیاساکانماندا چەند زەمانەتێك هەن بۆ چۆنیەتی تانە لێدان و داواکردنی قەرەبووی ماددی و مەعنەوی، لەوانەش: یاسای سزادانی ژمارە (111)ی ساڵی 1969 هەموارکراو، ویاسای بنەماکانی دادگای سزایی ژمارە (23)ی ساڵی 1971هەموارکراو ، ویاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (23)ی ساڵی 2007، ویاسای ئەنجومەنی شورای ژمارە (14)ی ساڵی 2008، ویاسای شارستانی ژمارە (40)ی ساڵی 1951، ویاسای ژمارە (21)ی ساڵی 2003، ویاسای ژمارە (22)ی ساڵی 2001 کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوونە، یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 کە یەکەمجارە لە عێراق و لە ناوچەکەشدا ماددەیەك دەچەسپێت بە ژمارەی مادده (14) بۆ داواکردنی قەرەبوو، دەقەکەشی ئەمەیە: (هەر کەسێك بە تاوانی تیرۆر تۆمەتبار بکرێت و، بێ تاوان دەربچێت لەو تۆمەتەی کە خراوەتە پاڵی، مافی داوا کردنی قەرەبووی هەیە لەبڕی ئەو زیانە ماددی و مەعنەویانەی پێی کەوتووە، بەهۆی ئەوەی کە مافە مرۆڤایەتیەکانی پێشێل کراوە ئەو مافانەی کە دەقەکانیان لە دەستوورو یاساکاندا هاتووە)، ئەگەر کەسانێك هەبوون ڕاگیراون بەبێ پاساوێکی یاسایی و بەپێچەوانەی یاسا ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەکان بۆیان هەیە بەدواداچوونی بابەتەکە بکەن و چاودێری کردنی جێبەجێ کردنی یاساکان و لێکۆڵینەوە بکەن، چونکە ئەمە ئەرکی سەرەکی پەرلەمانە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەڵگەیەك هەبێ لەسەر سەلماندنی ئەوەی کە ئەو کەسەی کە بەبێ هیچ پاساوێکی یاسایی بەندکراوە ئەوا ئێمە پێشنیاز دەکەین بۆ سەرۆکایەتی بە پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ بەدوا داچوونی ئەم بابەتە لەم بوارەدا.

5 -لەبەر بوونی حوکم و ماددەی دەستووری و یاسایی، لەوانە دەستووری عێراق و یاسا کار پێکراوەکان کە ئەم حاڵەتانە چارەسەر دەکەن، کەواتە هیچ پێویست ناکات یاسایەك بۆ ئەم مەسەلەیە دابنرێت، چونکە هەر کەسێ گیرا بێت، یان بگیرێت بەبێ هۆی ڕەوا و بە پێچەوانەی یاسا، ئەو کەسە مافی داواکردنی قەرەبووی هەیە، بەپێی مادده یاساییە کارپێکراوەکان، لەبەر ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکات و رادەسپێرێت، لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە، پرۆژەکە رەت بکرێتەوە.

بۆ ئاگاداریی و ئەسڵی پرۆژەکەو رای لیژنەی یاسایی لەبارەیەوە بفەرموون بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ تاوتوێ کردن و دەربڕینی ڕای گونجاو لە بارەیەوە و دەنگدان لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ کەرەم بکەن بۆ خوێندنەوەی راپۆرتتان.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ماددەی سێزدەیەم:**

**ئەو یاسایە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.**

**هۆیە پێویستییەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە:**

**بۆ ڕێکخستنی شێوازە جیاجیاکانی خۆپیشاندان بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی شارستانی دیموکراتی، بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و فەراهەم کردنی ئازادی ڕادەربڕین بە شێوەیەکی ئاشتییانە دوور لە ئاژاوە، هەروەها بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و تایبەتی ئەو یاسایە دەرچوێندرا، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، زۆر سوپاس، دیارە خوێندنەوەکە وەختێکی زیادی برد، چونکە دوو پرۆژە هەبوو، ژمارەی یاسایی ئەندامان پێشکەشیان کرد بوو، بەداخەوە لیژنەکان ڕاپۆرتی هاوبەشیان نییە، هەندێکیان لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ دیراسەی یەك یاساییان کردووە، لیژنەی یاسایی لەسەر دوو پرۆژە دەنگی داوە، بۆیە پێویستە ئێمە یەك پرۆژەمان هەبێت ئەمڕۆ، بۆیە ئەوە بۆ ئێوەی بەڕێزە، پێشنیار دەکەین کە ئەو دوو پرۆژەیە لەلایەن هەرچوار لیژنەی پەیوەندیدار لەگەڵ لیژنەی یاسایی پرۆژەکە بە یەکەوە یەك بخەن و یەك ڕاپۆرتی هاوبەشیان هەبێ، دەربارەی هەرچوار پرۆژەکە (لیژنەکە) بەزووترین کات ئامادەی بکەن، ئێستا ئەم پێشنیارە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، یەك کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا داوا لە هەرچوار لیژنە دەکەین، لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی، ئەو دوو پرۆژەیە یەك بخەن، هەرچوار لیژنەکەش ڕاپۆرتێکی هاوبەشیان هەبێت بۆ ڕۆژی دوو شەممە سەعات (11) دانیشتمان دەست پێ دەکات، بەڵام ئەو کاتە دەبێت حازر بێت، تکایە، کەرەمکە تەوزیحێکی کاك عەونی هەیە، با ڕوون کردنەوەیەکی هەیە بیدات.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێشنیار دەکەم کۆبوونەوەی هاوبەش بەیانی بکرێت، ڕۆژی پێنج شەممە، تاکو ڕاپۆرتەکانی هەرچوار لیژنە ئامادە بێت بۆ ڕۆژی دوو شەممە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڵێ، ڕۆژی دوو شەممە سەعات (11) وەزیری پەیوەندیداریش تکایە، وەزیری ناوخۆیە نوێنەریانە بانگی لیژنەکە بکەن ڕەئی ئەوانیش وەربگرن، چونکە پەیوەندی بەوان هەیە، زۆر سوپاس، تا ڕۆژی دوو شەممە سەعات (11) بەخێر بچن.**

| **فرست احمد عبداللە** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی)** |
|---|---|---|
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە لە سەرۆكایەتی پێمان باشە، دەیخەینە پێش ئێوەی بەڕێز، ئەگەر لەگەڵن، لەگەڵ ئەو پاش و پێشە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، ئێستا خاڵی پێنج دەبێتە خاڵی یەكەم، خاڵی سێ و چواریش دێنە پێشەوە، خوێندنەوەیان بۆ دەكرێت، كەرەم بكە بۆ خاڵی پێنجەم كە بووە خاڵی یەك/ ڕێزدار كاك هادی محمد كریم، كە ئەمڕۆ لە پێش پەرلەمانی كوردستان سوێندی یاسایی دەخوات، كە ڕێزدار سەرۆكی هەرێم یاساكەی پەسند كردووەو گەڕاندوویەتیەوە بۆ ئێمەو موافەقەتی كردووە، كە ئێستا بەڕێزیان سەرۆكی چاودێری داراییە، داوا لە بەڕێزی دەكەین كەرەم بكات بۆ سوێند خواردن فەرموو، بەڕێزان، فەرمانی هەرێمی ژمارە (174) ساڵی 2010. بەپێی بڕگەی (19)ی ماددەی (10)ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموار كراو و، ماددەی (5)ی یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی كوردستان – عێراق، ژمارە (2)ی ساڵی 2008 لەسەر پاڵاوتنی بەڕێز هادی محمد كریم ڕەحمانی لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە بەبڕیاری ژمارە (5)ی ساڵی 2010 لە دانیشتنی ژمارە (1)ی ڕۆژی 2010/9/20 دەرچووە، بڕیارماندا بە:

1- دامەزراندنی بەڕێز هادی محمد كریم ڕەحمانی بە سەرۆكی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی كوردستان – عێراق بەپلەی وەزیر.

2- ئەم فەرمانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەكرێت.

**مەسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان – عێراق**
**2010/9/26**

**بەڕێز هادی محمد كریم:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

إني (هادي محمد كريم الرحماني) اقسم بالله العظيم أن أقوم بمهام وظيفتي بصدق وأمانة واخلاص وأن اطبق القوانين والأنظمة والتعليمات بأمانة ونزاهة وحياد، وأحافظ على استقلال الديوان وحياده وكرامته، وأحافظ على أسرار العمل، واحترام القواعد الاخلاقية والمهنية التي تنظم شؤون الوظيفة والمهنة وألتزم بها، والله على ما أقول شهيد.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە خەڵكی كوردستان و پەرلەمانی كوردستان و بەتایبەتی لە بەڕێز كاك هادی محمد كریم دەكەین، كە ئەم پلە بەرزەی وەرگرت، كە كارێكی زۆر پیرۆزە، زۆریش هەستیارە، داخوازی خەڵكی كوردستانەو ماوەیەكی زۆرە لەناو پەرلەمانی كوردستان گشت لایەنەكان كە داخوازیان دەكرد دەزگای

ئێمە لە کۆتایی مانگی (11) ساڵی 2009ەوە پرۆژەی یاسایەك بۆ تەعدیل کردنی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2008مان تەقدیم کردووە، کە لە ئەساسدا تەعدیلی قانونی (87)ی ساڵی 1979یە، ئەم پرۆژەی کە ئێمە تەقدیمان کردووە بۆ تەعدیل کردنی یاسایەکە لە چوار مادده پێکهاتووە، دەربارەی خانووبەرەو دوکانەکان و مەخازن و شتی بازاڕ هەر هەمووی، تا ئێستا نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە، کە مەفروزە بەپێی یاسا بە تەسەلسولی تاریخی بخرێتە بەرنامەی کارەوە، ئێستا ئەمە کە لە بەرنامەی کارەوە نووسرا بوو، وامانزانی ئەو پرۆژەی خۆمانە، ئەمە کێشەیە، بۆیە ئەگەر ئەمە حەواڵە دەکرێتەوە بۆ حکومەت، ئێمە داواکارین ئەو پرۆژەی ئێمە لە شوێنی ئەوە دابنێدرێت، لەبەر ئەوەی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی زۆری لەناو خەڵکدا ناوەتەوە، بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەو، بۆ ئەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی زیاتر پەرە نەسەنێت لە شارەکانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار سۆزان خان کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدا نیم ئەم یاسایە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، ئەگەر لە شێوەی کۆنووسیش ناردوویانە، دەتوانرێت لەناو لیژنەکانی خۆماندا لیژنەی یاسایی صیغە قانونیەکەی بدرێتێ، چونکە فعلەن لەگەڵ قسەکەی کاك بورهانم ئەم یاسایە کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتی دروست کردووەو کارێکی کردووە، کە هاووڵاتیان بەتایبەتی ئەو چین و توێژەی کە موستەئجرن کەوتوونەتە حاڵەتێکەوە ئەمری دەرکردنیان بۆ دەرچووە، لەبەر ئەوە من تەواو دژی ئەوەم کە ئەم یاسایە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، بەڵام داوا دەکەم لە لیژنە پەیوەندیدارەکان ئەوە بکەنە صیاغەیەکی قانونی، بۆ ئەوەی ئەم یاسایە رابگیرێت و، لە هەمان کاتدا داوا دەکەم و پێشنیار دەکەم لە فەقەراتی ئەو یاسایە داوا بکرێت مودەی ئەو دوو ساڵە، هەوڵێك بدرێت بۆ هەموار کردنی ئەو یاسایە، بە مەرجێك هەردوو لا، لای موستەئجیرو لای خاوەن موڵك قبوڵ وەربگرێت، نەك تەنها لەلایەن یەك لایەن، بۆ ئەوەی عەدالەت بپارێزێت لەنێوان هەردوولایاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، هەردوو پێشنیارەکە وەجیهن، بۆیە ئەو پرۆژەی کە پێشکەش کراوە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان زائیدەن ئەم کۆنووسە هەردووکی تەحویلی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەکەم، تاکو پێداچوونەوەی تیا بکەن بە راپۆرتێکی هاوبەش بەزووترین کات بۆمان بێنن، کەرەم بکە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من ئاگادارم بەڕاستی، راستە دوو پرۆژە یاسا هەیە، پرۆژە یاسایەك لە لایەن حکومەتەوە هاتووە، داوا دەکات نەفازی قانونی ژمارە (9)ی ساڵی 2008 درێژەی پێ بدرێت بۆ ساڵێکی تر، لێرە نووسراوە،

بەلاَم لە پرۆژەیەكی تر هاتووە بۆ دوو ساڵی تر، واتا هەموار كردنی ئەو یاسایە نییە، بەڵكو درێژ كردنەوەی نەفازی یاساكەیە كە لە 2010/7/15ەوە تەواو دەبوو، ئێستا داوای درێژكردنەوەیان كردووە، ئەمە خاڵی یەكەم.

ئەوەی كاك بورهان ئیشارەتی پێدا، ئەمە تەعدیلی قانونەكەی داوا كردووە، كەواتە دوو شتی لێك جیاوازن، ئەمە هەموار كردنی یاساكەیە، ئەمەی تر تەمدید كردنی كاركردن بە نەفازی یاساكەیە، دەبێت ئەم دوو شتە لێك جیا بكەینەوە، ئیمكان نییە راپۆرتی هاوبەش تەقدیم بكەین لەو دوو پرۆژەیە، دەبێت هەر پرۆژەیەك راپۆرتی تایبەتی خۆمان لەسەر هەبێت، چونكە مەغزای دوو پرۆژەكە لە یەك جیاوازە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار زانا كەرەم بكە.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە تەبیعی ئێمە سەرەڕای ئەوەی دوو پرۆژە هەیە، بەلاَم هەردووكیان لە خزمەتی یەك تەوەردان، ئەویش خزمەتی ئەوەیە كە كاتێك حكومەت داوای تەئجیل كردنەوەی دەكات، بێگومان دەبێت بە مەبەستی سوود وەرگرتن بێت لە كاتەكە، بۆ پێداچوونەوەی یاساكە، ئەمە یەك.

دووەمیان/ ئێمە سەدان ئیمزامان هەیە، كە لەلایەن كرێچیەكانەوە نێردراون، لەلایەن كرێچی دوكاندارەكانەوە نێردراوە بۆ لیژنە پەیوەندیدارەكان، تا ئێستا بێ وەلاَمن، یەعنی ئەمانە دەبێتە سێ تەوەر:

یەكەمیان/ داواكاری دواخستنە.

دووەمیان/ سەدان ئیمزای هاووڵاتیانە، كە نێردراوە بۆ لیژنەكانی پەرلەمان، بەبێ ئەوەی كاری لەسەر كرا بێت.

سێیەمیان/ قسە كردنە لەسەر هەموار كردنی خودی یاساكە.

بۆیە كارێكی زۆر باش دەكەین، ئەگەر ئێمە هەرسێ داواكارییەكە یەك بخەین، چ مانعێك هەیە؟ ئەگەر بەڕێزتان بڕیار بدەن لەسەر ئەوەی بێتە ناو بەرنامەی كار پرۆژەكەی تریش خوێندنەوەی یەكەمی بۆ بكرێت، لەگەڵ یاداشتی هاووڵاتیان، دەكرێت سوود لە تەئجیل كردنەكە وەربگرین، بۆ ئەوەی لە ماوەی تەئجیل كردنەكە، ئێمە بتوانین ئەو یاسایە هەموار بكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان كەرەم بكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ یاسایەکمان بۆ نەهاتووە کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا بێت، کە تەعدیلی تێدا بێت، ئەوە بوو کاك بورهانیش ئیشارەتی پێدا، با ئەو یاسایە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، پاشان بڕیاری لەسەر دەدرێت، عەجەبە چۆن هەموار بکرێت، یان هەموار نەکرێت؟ ئێستا مەفروز وایە ئێمە لەسەر ئەو یاسایە بڕۆین، ئەو پێشنیارەی کە هاتۆتە ئاراوە بەنیسبەت حکومەتەوە....... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار سۆزان خان کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داواکارم لە پێش هەموو شتێك ئەو یاسایەی کە حکومەت ناردوویەتی، دەبێت ئەولەویەتی بدرێتێ، با جارێ ئێمە رایبگرین، من بۆ بەڕێزتانم شەرح کرد، سەدەها خانوو، ببوورە، سەدەها دوکاندار، بەتایبەتی صیدەلیە ئیزن دراوە، ئەمر دەرکردنی بۆ دەرچووە، صیدەلیە کە لایەنێکی تەندروستی ئەم وڵاتە دەپارێزێت، بۆیە جارێ با ئێمە رایبگرین، لە دواییدا کە دەرفەت هەبوو بۆ ماوەی دوو ساڵ راگیرا، بێنین ئەو گفتوگۆ کراوەیە بکەین لەناو پەرلەمان، لەنێوان چ خاوەن موڵکیشدا، چ لەکرێچیشدا، چونکە ئێمە نامانەوێت دیفاع لە چینێك بکەین لەسەر حیسابی چینێکی تر، عەدالەت راگرتن مەبەستمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار ڕێباز کەرەم بکە.

**بەڕێز د.ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە تەسەوری من هەردوو پرۆژە یاساکە تایبەتە بە یەك بابەت، جا ئەگەر هەموار کردن بێت، یاخود راگرتن بێت، یاخود ئیش کردن بێت بە پرۆژە یاساکە، ئەسڵی مەوزوعەکە ئەوەیە کە قسەی ئێمە لەبارەی ئەوەوەیە، کە ئێمە دە مانگ پێش ئێستا پرۆژە یاسایەکمان تەقدیم کردووە، ئەگەر هەموار کردنە، ئەگەر جێ بەجێ کردنە، تەنها تایبەتە بە یەك پرۆژە یاسا، دەبێت ئەو پرۆژە یاسایانە بەپێی تەسەلسول بێت، ناکرێت دە مانگ پێش ئێستا پرۆژە یاسایەك، ئێمە هەستمان بە خەتەری ئەو پرۆژە یاسایە کردووەو پرۆژە یاسایەکمان بۆ هەموار کردن پێشکەش کردووە، بەڵام ئێستا بە بیانووی ئەوەی کە کاتەکە درەنگە، پرۆژەکەی ئێمە دیسان تاخیر بکرێت، لەبەر ئەوە با هەردووکی پێکەوە بخرێتە بەرنامەی کار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار حمە سەعید کەرەم بکە.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك جەنابتان ئاگادارن ئێمە لە نووسینگەی سلێمانی چەند پەرلەمانتارێك پێشوازیمان لە سەدەها کرێچی کردووە، کە سەدەها ئیمزایان کۆکردۆتەوە، کە ئەمە کێشەیەکە روویداوە لە کرێچیەکان و خاوەن موڵکەکانیش، من پێموایە کێشەی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە پشتگیری راوبۆچوونی هەموو براو خوشکانی پەرلەمانتاران دەکەم، کە بەڕاستی ئەمە بخرێتە بەرنامەی کارەوەو لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی دارایی لە یاداشتی هاووڵاتیان و لەگەڵ کۆنووسی حکومەت و لەگەڵ ئەو پرۆژە یاسایانەی تریش لەو بابەتەوە پێشکەش کراون، شتێکی موەحەد ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی لە زووترین کاتدا، ئەمە خاڵێك.

خاڵێکی تر، ئەو قەرارە، ئەو قانونە رابگیرێت، کە ئێستا بە خێرایی کرێچی دەردەکەن، چونکە کێشەی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوەو، لەگەڵ رێزدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رێزدار عبدالسلام کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە لە ژێر نوقتەی نیزامی رەئی دەگوترێت، بەڵام من نوقتەی نیزامیم هەیە، هیچ یاسایەك ناتوانین لە لیژنەکان موناقەشە بکەین، ئەگەر خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکرێت، بۆیە تەسەور دەکەم موناقەشە لەسەر ئەو مەوزوعە نا نیزامیە، ئەمە یەك.

دووەمیان/ پشتگیری پێشنیارەکەی سۆزان خان دەکەم یەك جوملەیە، هەرچەندە دەبێت گلەیی بکەین لەوانەی کە بەناو پرۆژە یاسایان ناردووە، بەڵام مادام خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا لە بەرژەوەندی خەڵکە، بەلای کەمی تاوەکو ئێمە بگەینە ئەوەی خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پرۆژە بکەین، پاشان دوو، سێ شت کۆبکەینەوە، با ئێمە ئەو مەوزوعە بەزووترین کات تەواو بکەین، بۆیە پشتگیری ئەو رەئیە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رێزدار عمر عبدالرحمن کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسە لەسەر هەردوو پرۆژەکە زۆر کرا، من نامەوێت قسەکان دووبارە بکەمەوە، بەڵام بەگوێرەی ئەو عورف و ئەو یاساو ئەو پەیڕەو و پرۆگرامەی کە ئێمە هەمانە لێرە، هەر یاسایەك خوێندنەوەی بۆ نەکرێت ناخرێتە بەرنامەی کارەو قسەی لەسەر ناکرێت، تەعدیلی پرۆژەی یاسا جیاوازە لەگەڵ وەستاندنی جێ بەجێ کردنی پرۆژەیەك، تەعدیل خۆی لە خۆیدا دوو مانا هەڵدەگرێت، یان گۆڕانکاری لە ماددەکاندا دەکرێت، سەلبەن، ئیجابەن، بەزیادەو، بە کەم، یان ئیلغا کردنی هەندێك مەوادی لێ دەکرێت، بەڵام

تەمدیدی تەنفیز کردن یەعنی نەفسی مادده یاسایەکان بەرقەرارن، بەڵام جێ بەجێ کردنەکانیان دوادەخرێت، لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژەیەی لە حکومەتەوە هاتووە، داوا دەکات تەمدیدی جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایە بکرێت، پێویستە ئەوە بخرێتە بەرکارو قسەی لەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار بلال کەرەم بکە.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو پرۆژە یاسایە، یان بڵێین ئەو پرۆژە یاسایەی کە پێشتر موصادەقەی لەسەر کراوەو تەنفیزەکەی راگیراوە بۆ 10/15 بە تەئکید کێشەیەکی زۆری دروست کردووە، لەبەر ئەو کێشە زۆرەی کە دروستی کردووەو، ئەو وەزعە ناهەموارەی کە دروستی کردووە لەهەرێمی کوردستان، من پێشنیار دەکەم بۆ بەڕێزتان کە ئەم پرۆژە یاسایەی برادەرانی تریش پێشکەشیان کردووەو لەگەڵ پشتیوانیم بۆ قسەکانی سۆزان خانیش داوا دەکەم ئەویش بخرێتە بەرنامەو هەر ئێستا، بۆ ئەوەی خوێندنەوەی بۆ بکرێت و کێشەکە چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاردۆ کەرەم بکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیردواد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك ئەم هەموار کردنەمان پێشکەش کرد بە سەرۆکایەتی لەگەڵ کاك فرسەت قسەمان کرد، گوتمان بۆ ناخرێتە بەرنامەی کارو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، گوتی لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە تا ئێستا نافز نەبووەو بەرکار نەبووە، نازانین گرفت و کێشەکانی چیە، بەڵام ئێمە هەستمان بە مەترسیەکە دەکرد، گوتمان زۆر باشە، کاتێك بەرکاریش بوو، ئێستا نا ئارامی و نا ئیستیقراری، هەتا گرفتی ئیقتیصادی و کێشەکانی خەڵك و کۆمەڵایەتیەکەمان دیوە، دەبوایە لە رووی یاساییەوە ئەمە پێشتر هاتووە، ئەم یاسای هەموار کردنەکە بخرێتە بەرنامەی کار، مادام ئەم کێشەیە هەیە، کە پەیوەندی بە بەرنامەی سەرۆکایەتییە، پێویستە ئەمە بخرێتە بەرنامەی کار، ئینجا قسە لەسەر پرۆژەکەی حکومەت بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، هەردوولا حەقن، ئەوە مەوزوعێکی زۆر گرنگە، پێویستە هەموومان گرنگی پێ بدەین، ئێستا راگرتنەکەی ئەمڕۆی بەو شێوەیە هاتووە، موستەعجەلە رایدەگرین، ئەو مەوزوعەی جەنابتانیش کە باسی لێوە دەکەن، دادەنیشین ئەویش دێتە بەرنامەی کارەوەو کاری لەسەر دەکەین، ئێستا لەگەڵ ئەوەین ئەم فەقەرەیە رابگیرێت، پاشان دادەنیشین لەگەڵ یەك ئیتیفاق دەکەین لەسەر ئەوەی بە رێك و پێکی

خۆپیشـاندانی لـە ناکاوتـان لـە یاسـایەکە دەرکـرد و ئەگـەر پەرلـەمان ئیقـراری کـرد لـە یاسـاکەی دەرکـرد سـبەینێ ئـەو خۆپیشاندانە لەناکاوە بوو حکومەت ناتوانێ هیچ بکات، لایەنی پەیوەندار ناتوانێ هیچیان لێ بکات، چونکە یەك و دوو و سێ نیە، خۆ سەدان تەڵەبەی زانکۆ ناکرێت زانکۆ فەسڵی بکات، یان سەدان شوفێر کـە لەسـەر وەرگرتنـی بـەنزین و ئەوانـە ناچـێ بیباتە مەحکەمە و یان سزای بدات، وابزانم مەفعولی نامێنێت ئەو یاسایە، تێـی دا بێـت یـان تێـی دا نـەبێت، بـەس پـێم باشـە ئەگەر تێیدا بێت باشە، ئەگەر تێشی دانەبێت یاسایەکە هیچ مەفعولی نابێ، چونکە ئێمـە یاسـامان هەیـە و بـەس تەتبیقیشـی ناکەین، بەنیسبەت (خامسا) هەمانە (اللجنة المنظمة للتظاهرة والتجمع العام) ئـەم تەجەموعـە لابـردرێت، (تتكـون مـن عـدد لاتقل عن ثلاثة اشخاص) سێ ئەشخاسەکە باشە، بەڵام نەنووسرێ (ولاتزيد على خمسـە) لەوانەیـە 7 کـەس یـان 8 کـەس زۆر تەبیعیە، بەس (لاتقل عن ثلاثة اشخاص)، بە نیسبەت (سادسا) جیهەی مەعنی دیاری کراوە یەکە ئیداریەکان، وەزیـر و یەکـە ئیداریەکان و قائیمقام و پارێزگار و کێ یە؟ فەقەرەی 6 بە من زیادە، ئەگـەر لابـردرێت باشـە، چـونکە دیـاری کـراوە یـەعنی ئەوە دووبارەیە، شتی تیکراریش وابزانم مەرغوب نیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرگوڵ خان فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەکانی من کرا، بەڵام یەك خاڵ کە من دەمەوێ جەختی لەسەر بکەمەوە کە ئەوەی خۆپیشـاندان کـە مـافێکی دەسـتووری و یاسـاییە و پێشـتر زۆر بـاس کـرا، کـە ئێمـە یاسـایەك دەردەکـەین بـۆ ڕێکخسـتنی خۆپیشاندانە، یەعنی بە یاسایی کردنی ئەو مافەیە نەك بـۆ ئـەوەی ئـەو مافـە تەقیـد بکـەین، خـاڵێکی تـر لەسـەر ئـەم ماددەیـە لەسـەر تەعریفەکانـە، بـە نیسـبەت تـەعریفی خۆپیشـاندانەوە، ئـەو خاڵـەی کـە بـاس دەکرێت (یسیر) کە لە عەرەبیەکەی نووسراوە ئەمە تەنها ڕێپێوان دەگرێتەوە، یەعنی ڕۆیشـتن دەگرێتـەوە، بەڵام لەسەرەتا کە پێناسەی کردووە بە جەمع یان کۆبوونەوەیەکی ڕێکخراو یان نیمچە ڕێکخـراوە، یـەعنی ئەمە ئەگەر ئەو کەلیمەیەی لەوێدا لابردرێت زۆر باشـە، خـاڵی ئـەخیریش کـە نووسـراوە (لغـرض معـین و لوقت معين) خۆی ئەو کەسانەی کە هەڵدەستن بە خۆپیشاندان کاتی خۆپیشـاندانەکە دیـاری دەکـەن، بـەس تۆ ئەگەر کاتێکت بۆ دیاری کرد وەکو سیوەیل خانیش باسی کرد لـەو کاتـە تـۆ تەقیـدت کـردووە، لەوانەیـە ئەو مەبەستەی هەیەتی کە خۆپیشاندانی بۆ دەکرێت بەو سەعاتە یان بەو دوو سەعاتە نەیەتە دی، درێـژە بکێشێ کاتەکەی، لەبەرئەوە مـن پـێم باشـە ئـەو وەقتـە موعەیەنـەی بـۆ دانـەنرێت، وە خـاڵێکی تـریش بـە نیسـبەت خۆپیشـاندانی لـەناکاو منـیش لەگـەڵی دام، چـونکە زۆربـەی ئـەو خۆپیشـاندانەی کـە کـراوە لـە ڕابردوو دووجار ئەم عونسورەی تیا بووە، بەڵام تەعریفەکـەی بـەم شـێوەیە نـەبێت کـە داڕێـژراوە، چـونکە نووسراوە ڕەد وفعل، بەڕاستی خۆپیشاندانی لەناکاو ئەویش جۆرێکە لە خۆپیشـاندان، نـەك ڕەد فعـل بێـت، ئەوەی کە ترسێك یان گومانێـك هـەبێت لـەوەی ئـەم خۆپیشـاندانە کـە بـە شـێوەیەك لـە شـێوەکان هـەموو خۆپیشاندانێك بکرێت لە ناکاو مۆڵەتی بۆ وەرنەگیرێ، ئەوەیە کە دەڵێن عونسوری موفاجەئـە لـە قانونـدا دیاری کراوە، لە چ کاتێك دایە و لە چ خاڵێك دا تۆ دەتوانی بڵێی ئەم خۆپیشاندانە لەناکاوە یان عونسـوری موفاجەئەی تێدایە، بە نیسبەت تەجەموعیشەوە ئێمـە ئەگـەر لـە پێناسـەی خۆپیشـاندان دا بتـوانین جێـی

ئەوە بكەینەوە كە ئەو كۆبوونەوانەی كە بۆ مەبەستی موزاهەرەیە لەو كاتە ئێمە پێویستمان بەوە نیە دەقێكی دیكە یان فەقەرەیەكی دیكە ئیزافە بكەین بە تەجەموعەوە، وە ئیزافەشم بۆ ئەوەی ئێمە كە ناوی یاساكەمان ناوە (یاسای ڕێكخستنی خۆپیشاندان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس تەواو بوو دیارە هەموو ئەو بەڕێزانەی كە قسەیان كرد، زۆر تیكرار بوو كە سێ سەعات و دە دەقیقەیە، یەعنی لە یەك ماددەدا كە فینا ئەوەندە هەڵدەگرێ و زۆر گرنگە، بۆیە ئێمەش مەجالمان دا، بەڵام تكایە بۆ داهاتوو تیكراری هی یەكتری نەكەن، دەتوانین پشتیوانی لێ بكەن، هەموو تەوەرەكە لەسەر سێ بابەت بوو، یەك/ ناوەكەی چی بێت، دوو/ موزاهەرەی لەناكاو هەبێت یان نەبێت؟، سێ/ تەعریفی تەجەموعەكە بكە، یەعنی لەسەر ئەم سێ خاڵە دەسوڕایەوە و 35 خوشك و برای ئێمە قسەیان لەسەری كرد، جێگەی ڕێزە، ئێستا سەعات دوو و دە دەقیقەیە، وەڵامدانەوەی جەنابی وەزیر و لیژنەكان دەهێڵینەوە بۆ دانیشتنی داهاتوو، بۆ ئەوەی زیاتریش بیری لێ بكەنەوە و سبەی سەعات 11 لێرە كۆدەبینەوەو دووبارە بە خواتان دەسپێرم.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

## پۆزش

**لە پرۆتۆكۆلی ژمارە (55) و لەلاپەڕە (219) دێری (15) لە قسەكانی ئەندامی پەرلەمانی كوردستانی بەڕێز (شێرزاد عبدالحافظ) دا بە هەڵە هاتووە ( شەهیدی سەركردە هەبووە كە هاتووە بۆ پێشمەرگایەتی خۆڵم فڕێ داوە پێی ..........) ڕاستەكەی ئەوەیە (شەهیدی سەركردە هەبووە كە هاتووە بۆ پێشمەرگایەتی خۆم چەكم پێی داوە .........)**

**بۆیە داوای لێبوردن لە ئەندامی بەڕێز دەكەین.**